هاوکاری

التضامن

ژمارە (٢١٤) ١٩-٤-١٩٧٤

نرخی (٢٠) فلسە — تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

وەفدێکی ئەلەمانیای دیموکرات سەر لەعیراق ئەدات

لەسەر داخوازی وەزیری پەروەردە رۆژی ١٧-٤ وەفدێکی روشنبیری ئەلەمانیای دیموکرات گەیشتە بەغدا • وەفدەکە پیکهاتووە لەدکتور ئەلیکساندەر فیرنکە بەریوەبەری ئامۆژگای مامۆستایان لەبەرلین و دکتور هورست شلهون • وەفدەکە ٢ هەفتە لەعیراق ئەمێنێتەوەو چاوی بە دەزگاکانی پەروەردەی عیراق ئەکەوێت •

ئاەدع

وەزیری پەروەردە بەرەو شام کەوتە ڕێ

رۆژی ١٨-٤ دکتور احمد عبدالستار جواری وەزیری پەروەردەو سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی عەرەب چوو بۆ سوریا بۆ بەشداربوون لەدووەم کونگرەی نەقابەی مامۆستایان لەسوریا • وە سەردانەکەشی نزیکەی چوار رۆژ ئەخایەنێ •

ئاەدع

٦٧ نیشتمان پەروەر لە شیلی ئەدرێن بە دادگا

ئەبێ بەرژەوەندی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ

نوێنەری عیراق:

مامۆستا صدام حسین سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی کرد

لە سەعات ٦ی ئێوارەی ١٦-٤-١٩٧٤ بە سەرپەرشتی مامۆستا صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کۆبۆوە •

وە لە کۆبونەوەکەدا باسی ئەو بەرنامەی کارە کرا کە سکرتاریەتی بەرە ئامادەی کردبوو •• هەروەها لیژنەی بەرز لەو کۆبونەوەیەیدا باسی کاروباری پێویست بە چەسپاندنی ئوتونومی کرد لەگەڵ بەدەستوبردنی دامەزراندنی داوو دەزگای یاسادان (تشریعی)و تەنفیزی لە ناوچەی کوردیدا •

هەروەها لیژنە بڕیاری داکە ٢٥ی ئەم مانگە کاتی کۆبونەوەی لیژنەی بەرزو لیژنەکانی بەرە لە پارێزگاکانی وڵاتدا بێ •

هەروەها بڕیاری هەنگاونانی پیویستیدا بەرەو پێکهاتنی ئەنجومەنی نیشتمانی و کۆمەڵە بڕیارێکی پەسند کرد سەبارەت بە پەرەپێدانی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و روشنبیری ناوچەی کوردی و پەرەپێدانی چالاکی و کاری سیاسی جەماوەرو پتەوکردنی یەکێتی هێزە نیشتمانی یەکان بۆ بە گژا چوون و پوچەڵ کردنەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان کۆبونەوەکەش نزیکەی دوو سەعاتی خایاند •

ئاەدع

نیویۆرك : ئاەدع : رۆژی ١٧-٤ دکتور سعدون حمادی وەزیری نەوت و مەعدەن لە کۆبونەوەیەکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە بۆ لینکۆلینەوەی گیروگرفتی مادەی خاو تەرخان کرابوو ، وتارێکی خوێندەوەتیایدا بەناوی عیراقەوە داوای کرد کە سەرلەنوێ چاو بخشێنرێتەوە بە سیستەمی ئابوری جیهانیدا وەگەشەکردنی عادیلانەی ئابوری جیهان لەبەرچاو بگیرێ بەجۆرێك کە رێگای دەوڵەمەندبوونی چەندەدەوڵەتێك نەدا لەسەر حسابی چەند دەوڵەتێکی تر • هەروەها داوای کرد کە لەو مەسەلەیەدا بایەخ بە بەرژەوەندی وڵاتانی تازە پێگەیشتو بدرێ و ئینجا باسی ئەو نامەیەی کرد کە سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لە ٢٣ی کانونی دووەمی رابوردودا بۆ نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکای ناردبۆوە دەربارەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی خاوەن نەوت و کرپارانی نەوت وە وتی سەرکۆمار لەنامەکەیدا دەری خستبوکە واپێویستە باسکردنی مەسەلەی وزە بەسیستەمی ئابوری جیهانی یەوە ببەسترێتەوە وەباشترین جێگا بۆ لینکولینەوەی ئەو مەسەلانە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە •

چونکە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێکخراوێکی شەرعی یەو دانانی سیستەمێکی ئابوری راست و پێشکەوتوی نێو دەوڵەتانی کەوتۆتە سەرشان هەروەها دکتور حمادی رایگەیاند کە بەپێی راپۆرتێك دەرکەوتوە لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە بەرنامەی نرخی ئەو کەرەسەیەی وڵاتانی تازە پێگەیشتو تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ ناردویانەتەدەرەوە وەکو خۆی ماوەتەوە کەچی نرخی ئەو شتانەی لەدەرەوە هانیویانە ١٣٪ زیادی کردوە • بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی شێواندنی پارسەنگی دابەش کردنی سامان و مەوادی خام لەنێو دەوڵەتاندا •

هەروەها دکتور حمادی وتی: هەرچەندە وڵاتانی خاوەن نەوت لەمەیانی وەدەستهێنانی پارەی گران بەهادا - العملة الصعبة - وەزعیان باشترە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتو بەڵام بەهوی ئەو رێگایەی لەبەرهەمهێناندا گیراوەتە بەر زیانێکی زۆریان لێکەوتوە • بەرهەمهێنانی نەوت لەزوربەی وڵاتانی خاوەن نەوتدا کەوتۆتە ژێر چنگی چەند کومپانیایەکی گەورەی نەوت و ئەم کۆمپانیانە دەستیان بەسەر قەوارەو چونیەتی بەرهەمهێنانی نەوت و فرۆشتنیدا گرتووە • جا ئەو دەست رۆشتنەی کومپانیا مۆنۆپۆلیەکان بەسەر پیشەسازی نەوتدا هەر لە بەرهەمهێنان و پاککردنەوەو گوازستنەوە تا دابەش کردنی بەسەر بازارەکاندا وای کردوە کە بازارێکی راستەقینە بۆ نەوت پێك نەیەت •• جابۆیە نرخدانان بۆ نەوتی خاوەکو کەرەسەیەك لە قۆناغی بەرهەمهێناندا وەسیلەیەك بوە بۆ دیاری کردنی مەسرەف و قازانجی ئەو کۆمپانیانە •

دکتور حمادی لەکۆتایی وتارەکەیدا بەناوی عیراقەوە داوای کرد کە سیستەمی - امتیازی کومپانیاکان - پەك بخرێ و وتی عیراق وائەبینێ کە جیاوازی نێوان وڵاتانی پێشکەوتووی تازەپێگەیشتو بەهوی سیستەمی ئابوری ئیستای جیهانەوەیە نەك مەسەلەی بازرگانی و بەرهەمهێنان • جابویە ئێمە داوا ئەکەین کە پەیوەندی راستەو خۆی نێوان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو خاوەلە نەوت لەگەڵ وڵاتانی خاوەن پیشەسازی پێشکەوتودا لەسەر بنچینەی سودو قازانجی هەردوو لا دابنرێ •

لوبنان چەك لە ئەمەریکا ئەکڕێ

بێروت : ئاەدع : رۆژی ١٦-٤ بلاوکرایەوە کە حکومەتی لوبنان نیازی وایە بایی ١٠ ملیون دولار چەك وتفاق بەقەرز لە ئەمەریکا بکڕێ •

وە بەگوێرەی هەوالی رۆژنامەکانی بیرۆت ئەنجومەنی وەزیرانی لوبنان ئەو بڕیارەی پەسندکردوەو بەرزی کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی ئەویش بڕیاری لەسەر بدات •

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر لوبنان ٢٠٠ ملیون لیرەی لوبنانی تەرخان کردبوو بۆ پرچەك کردنی لەشکر بە چەکی نۆی •

پارتی کرێکارانی فەرمانڕەواو گیروگرفتی ئابوری بەریتانیا

شەش هەفتە لەمەوبەر واتە لە ٢٨ی مانگی شوباتی رابوردوا پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردندا پارتی کۆنە پارێزی بەزاندو هارۆلد ولسون سەرۆکی پارتی کریکاران حوکمی بەریتانیای کەوتە دەست • وە لە ئەنجومەنی عمومدا کە لە ٦٣٨ ئەندام پێك هاتووە (٣٠١) کورسی بەر پارتی کریکاران کەوت و ئەوانی تری بۆ هەردوو پارتی ئازادان و کۆنە پارێز مایەوە •

کاتی هارۆلد ولسون لە هەڵبژاردندا سەرکەوت ، مانگرتن و گیروگرفتی ئابوری سەرانسەری بەریتانیای گرتبووەو ئەدوارد هیتیش یەك لەدوای یەك یاسای دژی کریکاران و بزوتنەوەی نەقابەکانی بڵاو ئەکردەوە •• جا لیرەوە پارتی کریکاران سودی لەو بارو زروفە وەرگرت و کۆمەڵە دروشمێکی هەمە جۆرەی بەرز کردەوە ، وەکو چارەسەر کردنی گیروگرفتی کریکاران و دابەش کردنی عادیلانەی داهات و بەشێوەیەك بێ کە بەرژەوەندی کارگەران لەبەر چاو بگیرێ •

بەڵام کاتێ ولسون هاتە سەرحوکم ئەو چاووڕاوو دەڵەسانەی دەرکەوت و ئەو دروشمانەی بوون بە « یەکسانی و داد پەروەری » و دانانەوەی بودجەی تازەش نەك هەر تاکە هەنگاوێکی نە نا بەرەو چارەسەر کردنی گیرو گرفتی ئابوری بەڵکو باری گوزەرانی رەنجبەرانی ناخۆشتر کردو باج و قورسایی تریان کەوتە سەرشان و خۆراك و بەنزین و کرێی هاتو چۆو ، وزەی کارەبا لە جاران گرانتر بوو •• بڕیاری کەم کردنەوەی پارەی چەکدار بوون و تەرخان کردنی بۆ کاروباری ئابوری کۆمەلایەتی پشت گوێ خرا • بەم جورە ئەو پارتیەی ناوی کریکارانی لە خۆی ناوە تاوەکو مەبەستەکەی خۆی بەدی هێنا هاتە سەر حوکم لافو گەزافی چارەسەر کردنی گیروگرفتی ئابوری وڵاتی لێ ئەدا مژدەی دوا رۆژێکی نوێی بە خەتکی ئەدا کە چی کە مەبەستەکەی هاتە دی ئەو دروشمانەی لە گەڵ دەرکەوتنی خۆری واقیع توانەوە !! بەڵام تا وەکو کەی چینی کریکارانی بەریتانیا بەم جورە بەڵێن و پەیمانانە بە فریو ئەچێ کەی نوێنەری راستەقینەی خۆی ئەدۆزێتەوە ••• ئەمە مەسەلەیەکی ترە !•

وبنان چەك لە ئەمەریکا ئەکڕێ

بێروت : ئاەدع : رۆژی ١٦-٤ بلاوکرایەوە کە حکومەتی لوبنان نیازی وایە بایی ١٠ ملیون دولار چەك وتفاق بەقەرز لە ئەمەریکا بکڕێ •

وە بەگوێرەی هەوالی رۆژنامەکانی بیرۆت ئەنجومەنی وەزیرانی لوبنان ئەو بڕیارەی پەسندکردوەو بەرزی کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی ئەویش بڕیاری لەسەر بدات •

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر لوبنان ٢٠٠ ملیون لیرەی لوبنانی تەرخان کردبوو بۆ پرچەك کردنی لەشکر بە چەکی نۆی •

میلیتاریستەکانی شیلی ٦٧ نیشتمان پەروەر محاکەمە ئەکەن

سانتیاگۆ : ئاژانسەکان : رۆژی ١٧-٤ میلیتاریستە فاشستیەکانی شیلی دەستیان کرد بە محاکەمەکردنی ٢٧ نیشتمان پەروەر کە ٥٣ کەسیان فروکەوانن و سەر بە سەرۆکی کوچ کردو سلفادور ئەلیندین • رێژیمی شیلی ئەو فرۆکەوانانەی بەوە تاوانبار کردوە کە لەیاخی بوونەکەی ١١ی مانگی ئەیلولی رابوردوا فەرمانی مێریان شکاندوەو کۆشکی سەرۆك ئەلیندی و گەرەکی کریکارانیان لە سانتیاگودا بۆ ردومان نەکردوە • ئاژانسی تاس ئەڵێ داواکاری - مدعی عام - داوای کردوە کە ئەو گیراوانە تیرەباران بکرێن •

هەروەها ئەڵێ : ئەو نیشتمانپەروەرانە پێش ئەوەی بدرێن بەدادگا تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر بوون و درندانە رەفتاریان لەگەڵ کراوە وە سازمانی ئەمن بەردەوام خەلکی ئەگرێ و بەدوای ئەو کەسانەدا ئەگەڕێ کە گوایە دژی حوکمی ئیستای سانتیاگۆ تێ ئەکوشن • ئەوەی شایانی باسە میلتاریستەکان تاوەکو ئێستا زوربەی ئەو پرۆژەو بڕیارو هەنگاوە پێشکەوتنخوازانەیان پەك خستوە کە حکومەتی یەکێتی کەل داینابوون و بەهەزاران هاوولاتیش دەربەدەر بوون و لەبەندیخانەکاندا قایم کراوون •

هیندستان کۆمپانیایەکی بەریتانیای میللی کرد

نیودەلهی : تاس : ئاەدع : بەرێز میشرا وەزیری هاتوچۆی هیندستان رۆژی ١٧-٤ لەبەردەم پەرلەماندا وتی : حکومەتی هیندستان بڕیاری داکە کۆمپانیای بریتیش ئینجنێرینگ بکات بە مولکی دەوڵەت • ئەو کۆمپانیایە فارگۆنی شەمەندەفەر دروست ئەکات و بەشێکی سەرمایەکەی هی چەند خاوەن کارێکی بەریتانیایی بوو •

هەروەها وەزیرەکە وتی :

هیندستان خەریکی لینکولینەوەی مەسەلەی میللی کردنی چوار کۆمپانیای ترەو ئەو بڕیارەی دەوڵەتیش بۆ زیادکردنی بەرهەمی ئەم کومپانیانەیە چونکە تاقی کردنەوە دەری خستوە کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی گوێ نادەنە پشنیازەکانی دەوڵەت سەبارەت بە پتر کردنی بەرهەم •

دوای کودەتاکە باری ناوخۆی نێجەریا چی بەسەر هات؟

ئێوارەی ١٥ و ١٦-٤ رادیوی نیامی بڵاوی کردەوەکە لەوڵاتی نێجەر کودەتایەك رووی داوەو لەشکر دەستی بەسەر دامودەزگاکانی حوکمدا گرتووەو هامانی دیوری سەرکۆماری پێشو لەسەرکار لابراوە • وە لەسەعات ٧٫٣٠ی ئێوارەوە تاوەکو سەعات ٦ی بەیانیان هەموو جۆرە هاتوچۆکردنێك قەدەغەکراوە • وەرادیوی نیامی لەبەیاننامەیەکی میلیتاریستەکانەدا وتی : لەمەولا دەستورو کۆمەڵەی نیشتمانی وریکخراوە سیاسی و نیمچە سیاسیەکان کاریان پێ ناکرێت • ئاژانسی یۆنایتدپریس ئەڵێ : مقدم سینی کونتی سوپا سالارکە تەمەنی ٤٣ ساڵە رابەری ئەو کودەتایەی کردوە • وڵاتی نێجەر لە ساڵی ١٩٦٠دا سەربەخۆیی وەدەست هێناوو لەوساوە هامانی دیووی بوو بە سەرکۆمار •

وە هەمان رۆژ رادیوی نێجەر وتارێکی سەرۆکی کودەتاکەی بڵاوکردەوە تیایداوتی : شێواوی کاروباری ناوخۆی دەوڵەت و برسێتی و قاتوقڕی لەوڵاتدا وای لێ کردین کە دەست بەسەرحوکمدا بگرین •• خەڵکی لەسەردەمی پێشودا دووچاری برسێتی و دەست کورتی ببون تەنانەت بەدەست هێنانی ژەمێ خواردن ئاسان نەبوو • هەروەها مقدم کۆنتی وتی : بەم زووانە لیژنەیەکی بەرز لە چەند ئەفسەرێك پێك دێت بۆ سەرپەرشتی کردن و بەریوەبردنی کاروباری دەوڵەت

وە شەوی ١٦ و ١٧ی - ٤ بڵاوکرایەوە کە تاوەکو ئێستا باری نێجەر ئاڵۆزەو چەند هەوالێك وائەگەیەنن کە هامانی دیوری سەرۆکی پێشو گیراوەو ژنەکەشی کوژراوە وە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیش دەست بەسەر کراوە •وە سەر لەبەیانیش ئەنجومەنی بەرزی عەسکەری کە ئیستاکە حوکمی نێجەر ئەکات بانگەوازێکی ئاراستەی هاوولاتیان کرد تیایدا داوای لێ کردن کە ئەگەر خۆپێشاندانیش رێك بخەن ئەوا با لە باروزروفێکی ئاسایش و هیمنیدا ببێ و رێگای ئاژاوەنانەوە نەدرێ •

وە بەپێی چەند راپۆرتێکی تر کە گەیشتونەتە پایتەختی کینیا دوور نیە سەرکۆماری پێشو لەگەڵ وەزیرەکانی بەتومەتی بەخرابی بەریوە بردنی کاروباری دەوڵەت محاکەمە بکرێن •

پەیوەندی نێوان رێژیمی ئێران و یەمەنی ژوورو

صنعاء : ١٦-٤ ئاەدن : بڕیاروایە لە ٢٤ی ئەم مانگەدا وەفدێکی یەمەنی ژوورو بەسەرۆکایەتی قازی عبدالله شمامی راوێژکاری وەزارەتی داد لەسەر داخوازی وەزیری دادی رێژیمی ئیران سەر لەتاران بدات • ئەوسەردانەش گوایە بۆ پتەوکردنی هاوکاری نێوان هەردوو رێژیمە لەمەیانی دادوقضاءدا •

شۆرشگێڕانی ئەنگۆلا بەرەوژەکەی پورتوگال رازی نابن

برازافیل : ١٦-٤ ئاژانسەکان : بزوتنەوەی گەلی رزگاری خوازی ئەنگولا لە شاری برازافیل بەیاننامەیەکی دەربارەی پرۆژەکەی ئەم دواییەی مارشیلو کاتیا نوی سەرەك وەزیرانی پورتوگال بڵاو کردەوە تیایدا وتی : مارشیلو پێشنیازی کردوە کە یەکێتی یەکی فیدرالی لە نێوان پورتوگال و مستعمرەکانیدا دابمەزرێت •• ئیمە بە توندی بەگژ ئەو پروژەیەدا ئەچین و بە بێ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی تەواوی گەلی ئەنگولا واز نا هێنین • ئەو پروژەیەی مارشیلو تەنیا بۆ بە فریو بردنی جەماوەر دانراوە بۆ ئەوەی پشتی لە تی کۆشان لەپێناوی سەربەخۆییدا سارد ببێتەوە • بە یاننامەکە لە کۆتاییدا داوای لەهەموو هێزە رزگاری خوازەکانی ئەفەریقا کردوە کە یەکێتی نێوانیان پتەو تر بکەن و پەرە بە خەباتی چەکدارانەیان بدەن لە پێناوی وەدەست هێنانی سەربەخۆیی میللەتەکانیان •

Institut kurde paris

روونکردنەوەیەك لە بارەی خەلیجەوە

بهرام پور

خەلیج یەکیك لەناوچە گرینگەکانی جیهانە • لەبەر هەلکەوتی ستراتیژی و هەبوونی کانگای زۆری نەوت و شارپگەی هاتوچۆی دەریایی سەرنجی دەولەتە مەزنەکانی دنیای بۆلای خوی راکیشاوە • ناتەباییەکی زور لە ئاوەکانی خەلیج و دەوروبەردا کۆبۆتەوە ، ناتەبایی لەنێوان ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ناوچەی خەلیج دەگەل گەلانی ئەو هەرێمە زور قووڵە • لەنێوان ئیمپریالیستەکانیشدا لەسەر پەیداکردنی دەستەلات بەسەر خەلیجدا ناتەبایی زۆرە • لەنێوان دەولەتە کونە پەرست و سەر بە ئیمپریالیستەکانی ئەو ناوچەیەشدا لەسەر فەرمانڕەوایی بەسەر خەلیجدا ناتەبایی هەیە • ئیمپریالیستەکان زور هەوڵ دەدەن کە بەهۆی حکومەتە کونەپەرستەکان قازانجی نەوتی خویان لەناوچەی خەلیج بپاریزن بۆ ئەو مەبەستە عەرەبوستانی سعودی و رێژیمی ئیرانیان لەبەرچاو گرتوە • بەڵام وادێتە بەرچاو کەزیاتر بەهیوای حکومەتی ئیرانن و پتر وڵاتەکانی تر بڕوا بەرێژیمی ئێران دەکەن •

ئێران کە لەسەرووی روژهەلاتەوە ٨٥٠ کیلومیتر لەگەڵ خەلیج سنوری هەیە ، ٣٠ ملیون نفوس و سەرچاوەی پر لەنەوت ، گرینگترین وڵاتی رۆخی خەلیجە و خاوەنی قازانجی زۆری ئابوری و تجارەتی یە لەو مەلبەندەدا • هەلکەوتوایەتی ئێران لەباری ستراتیژیشەوە بێوینەیە • لەبەر ئەوە هیچ جیگای سەرسوڕمان نیە کە ئیمپریالیستەکان و شیرکەتە تاڵانچیەکانی نەوتی بۆ ئیران نەختێکی گرینگ لەچوارچیوەی نەخشەکانی خۆیاندا قایلن و بەهوی ئەو پیوەندیانەی کە دەگەڵ رێژیمی ئیرانیان هەیە ، ئێران بلی خۆیان بە پێگە بزانن سیاسەتی رێژیمی ئێران لەناوچەی خەلیج لەگەڵ نەخشەی دەولەتە ئیمپریالیستەکان بەتەواوی یەکە • نەخشەی تەواوی ئەو سیاسەتانە بەوجۆرەی خوارەوە دەتوانین باس بکەین :

١ - پاراستن و بەهیزکردنی هاوکاری دەگەڵ ئیمپریالیستەکان و شیرکەتەکانی نەوتی •

٢ - بەشداری لە سەرکوت کردنی جوڵانەوەکانی دژی کۆنەپەرستی گەلەکانی لێواری خەلیج و جیرانەکانیان لەگەڵ ئیمپیالیزم و کۆنەپەرستی •

٣ - بەشداری لەنەخشەکانی ئیمپریالیستی دا کە لەو مەلبەندە بۆ پاراستنی قازانجی ئابوری و ستراتیژی خۆیان دەیکیشن •

٤ - پیرەوی کردن لەلوت بەرزی و خۆبەزلزانی شوڤینیستانەی هەیئەتی حاکمیەی ئیران و لەپلەی یەکەمدا شا •

٥ - پەرەپیدان و بەر بلاوتر کردنی دەسەلاتی سیاسی و ئابوری و مالی و نیزامی لەشیخ نوشینەکانی خەلیج بەقازانج بەشەراکەتی بورژوازی گەورەی ئێران و سەرمایەکانی ئیمپریالیستی لە ئیران •

ئاشکرایە کە حکومەتی دژی گەلی ئیران بە پەنابردن بۆ فروفیشال و درۆو دەلەسە ، هەول دەدا ئەو سیاسەتە چەوت و خەڵەتێنەرە کۆنەپەرستیە دابپوشێ ، بەلام بەلگەی ئەوەندە روون و ئاشکرامان لەدەستدایە کە پەردە لەسەر ڕووکاری رژیمی ئەو تەبلیغاتچیە کونەپەرستانە وەلا دەباو دیوی ئاواژوویان دەردەخا •

پاش چونەدەری ئیستعماری پیری ئینگلیز لەخەلیج بۆ بەربەرەکانی و سەرکوت کردنی جوڵانەوەی دژی ئیمپریالستی گەلانی ئەو هەرێمەو پاریزگاری قازانجی ئابوری و ستراتیژی ئیمپریالیزم نیکسون سەرکوماری ئەمریکا لە ٣١ی ژانویەی ١٩٧٢ گەلاڵەیەکی پێشنیاز کرد کە بەدوکتورینی « گوام » یان « نیکسون ناسراوە • ئەگەر بەوردی لە ناوەرۆکی دوکتورینی نیکسون وردبینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە خاڵە بنەڕەتیەکانی ئەو گەلاڵەیە ئەوانەی خوارەوەن :

١ - دانانی سەربەخۆیی بەشیخ نوشینەکان •

٢ - نەهیشتنی ناکوکی نێوان ئیران و ولاتەکانی دەوروبەری خەلیج •

٣ - پیکهێنانی بەرهەڵکی نیزامی بەناوی پاراستنی خەلیج لەنێوان دەولەتەکانی هەرێمی خەلیج دا •

٤ - هاتنی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بۆ خەلیج •

٥ - پاراستنی رژێمی عومان بەیارمەتی ئینگلیز •

٦ - بەهیزکردنی خەتیکی تازەی ستراتژی ئیمپریالیستەکان لەدەریای عومان و ئوقیانوسی هیند •

٧ - چەکدارکردنی ئێران و عەرەبوستانی سعودی و شیخ نوشینەکان •

٨ - سەرکوت کردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی زەفاری تەقەلا بۆ رووخاندن و گورانی کوماری دیموکراتیکی یەمەن و کۆماری عیراق و سەرکوتکردنی هەموو جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی و نیشتمانی لە ناوچەدا •

کارەساتەکانی دوایی رووونیان کردەوە ، کە نەخشەی ئیمپریالستیەکان بەتەواوی بۆ بەجی گەیاندنی ئەو مەبەستانەی سەرەوە بوە • ئیستعماری ئینگلیز بەناوی چۆل کردنی خەلیج هیزەکانی خۆی لە بەحرەینەوە بۆ « دورگەی مەسیرە » لەعومان گواستەوە • ئەمریکا پێگەکانی ئینگلیزی لە بەحرەین گرتەوە و

بڕوانە ل (٧)

باری ناوخوی لائوس گەیشتە کوێ ؟

دانا ئامادەی کردوە

ماوەیەك لەمەوبەر لەشاری ڤیەنتیان بلاوکرایەوە کە دوای بێپەڕبوونی سالێك بەسەر یەککەوتنی شورشگێران و حکومەتی بی‌لایەنی لائوس دا ، وەزارەتێکی تازەپێك هێنرا • وە ئەو وەزارەتە لە دە وەزیر پێك هاتوە ، پێنجیان سەر بە بەرەی رزگاری‌خوازی نیشتمانی لائوسن و پێنجەکەی تریان سەر بە حکومەتی ڤیەنتیانن • بەم پێیە هەفتەی رابردوو سێیەم وەزارەتی ئیئتیلافی لە مێژووی نوێی لائوس دا پێك هات •

وەکو زانراوە یەکەم وەزارەت لەساڵی ١٩٥٧ و دووەم جار لە ساڵی ١٩٦٢ وسێیەم جاریش کە وەزارەتی بینتیلامی تیادا پێك دێت ، وەزارەتەکەی ئەم دواییە یەکە لە نوێنەری شورشگێران و لایەنگیرانی حکومەت پێك هات •

ئەوەی راست بێ پێك هێنانی ئەو سێ وەزارەتە ئیئتیلافیە لە لائوس دا توندوتۆل بەو خەباتو تیکۆشانە بێوچانەوە بەستراوەتەوە کە گەلی لائوس بە سەرۆکایەتی بەرەی رزگاری خوازی - پاتێت‌لاو - دژی رێژیمی دیکتاتۆری و خۆتێ هەلقورتاندنی بێگانە لە وڵاتدا کردویەتی • دوای خەباتێکی چەکدارانە شورشگێران و گەلرێژیمیان ناچارکرد کە یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٧ و دووەم جار لەساڵی ١٩٦٢ بێتە پێشەوەو لەگەڵ شورشگیراندا رێك بکەوێ و نوێنەری شورشگیران لەوەزارەتدا بەشدار بکات بەڵام لەهەردوو جارەکەدا ئەم تاقی کردنەوەیە سەرنەکەوت و سەر لەنوێ شەر لەلائوس دا هەلگیرسایەوە • بۆ ؟ چونکە ئەم ریککەوتنە زیاتر لە وەساندنێکی وەختی شەر ئەچوو نەك لەریککەوتنێکی سیاسی لە ناوەرۆك و خەتێکی ئاشکرای هەبوبێ •• جا دیاری نەکردنی ئەم دوو لایەنە بەروون و تەواوەتی لەم دوو ناڤی کردنەوەیەدا ، ماوەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکای ئەدا لە بەهۆی چلکاوخۆرو نۆکەرانیەوە خۆی لەمەسەلەی ناوخۆی لائوس هەلبقورتێنێ پیلان لەدوای پیلان سازبکات و داروپەردوی ریککەوتنەکان هەلبوەشێنیتەوەو ئاگری شەڕ لەسەرانسەری وڵاتدا هەلگیرسێنێتەوەو سەر لە نوێ کەلی تێکۆشەری لائوس دووچاری شەری ناوخۆو مالوێرانی و لێقەوماوی و قوربانی دان و گرفتاری ببێتەوە

ئەوەبوو لەساڵی ١٩٦٢ ماوەیەك رێککەوتنەکە ئیشی پێکرا و سەرلەنوێ باری سیاسی وڵات بەلایەکی ترا سکایەوەو حکومەت لەبەنێنەکانی پاش گەز بۆوەو شورشگێرانیش ناچاربوون دەست بدەنەوە چەك •

بەڵام پاش چەند ساڵێکی پرخەباتی دلێرانەو قوربانی دان جەنگاوەران رێژیمو بێگانەو دوژمنانیان بەچۆکاهێنایەوەو لەساڵی ١٩٧٢ هەر دوو لا ، حکومەت و شورشگێران ریککەوتنەوەو پەیمانی شەروەستاندنیان مۆرکرد •

وە بەپێی ئەو پەیمانەهەردوو لا بەلینیان دا کە حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك بهێنن و لەماوەی دوو مانگی دوای دامەزراندنی ئەم وەزارەتە هەوڵ بدەن کۆتای بەهەموو جۆرە خۆتی هەلقورتاندنی بێگانە لە کاروباری وڵاتدا بهێنن و هێزەکانی بێگانەلەوڵات بکشێتەوەو دەستەبەری مافە دیموکراتیەکانی گەل بکرێ و یارمەتی ئەو لێقەوماو دەربەدەرو پەنابەرانە بدرێ کە لەکاتی شەڕدا زەرەرو زیانیان لێ کەوتوە •

وەکو ئاشکرایە ئەو بەباشی هاتنەبێشەوەیەی حکومەتی لائوس وەنەبێ لەئەنجامی نیازباشی رێژیم بوبێ بەلکو ئەنجامێکی حەتمی هەڵوێست و بارو زروفی سیاسی و عەسکەری وڵات بوو •• شورشگیران رۆژ بەرۆژ زیاتر جەماوەریان بۆ لای خۆیان رائەکێشاو دەستیان بەسەر ٨٠٪ی خاکی لائوس دا گرتبو لەلایەکی تریشەوە ئەمەریکا لەڤیتنامدا بەچۆکا هاتوو کۆماری وەختی خواروی ڤیتنام کاربەدەستانی سایگۆنی ناچارکرد کە لەگەلیا دەست بە وتوویژبکەن ، لەکەمبودیاش لەشکری گەل تەنگی بەرێژیمە شرەکەی فنوم پن هەلچنیبوو ••

ئەم وەزعە تازەیەی لائوس ئەمەریکای ناڕەحەت کرد ، جابۆیە کەوتە بەرخستنی بەکرێ گیراوانی ئەوەنووو فەرماندەی پێشوی هێزی ئاسمانی لائوس کودەتایەکی سازکردو هەراو هوریایەکی زوری نایەوە •• بەڵام تەقەللاکەی سەری نەگرت و کودەتایەکەی پوچەڵ کرایەوەو خۆی و چەند لایەنگیرێکی ڕەوتێتران •

باری سیاسی ئیستای لائوس کە وردە وردە خەریکە بەرەو سارێژ کردنی زامی سالانی رابوردوو ئەچێ پشتیوانێکی سیاسی و مەعنەوی شورشگێرانی ڤیتنامو کەمبودیایەو پارسەنگی کێشەی ئەو دوو هێزە قورستر ئەکات ، وەکو دەرکەوتوە ئەمەریکاو نۆکەرانیشی سەبەغلەت و ناڕەحەت کردووە • راستە ئەو رێککەوتنەی ئەم دواییەی نیوان شورشگێرانی پاتێت لاوو حکومەتی لائوس بەئاسانی نەهاتۆتە دەست بەڵکو لەئەنجامی قوربانی فیداکاری و رەنج و ئازەق و فرمێسکی ئەو کەلەوە بوو ••

جا بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتە بەئاسانی لەدەست نەچێ پێویستە وەکو بیلبیلەی چاو بپارێزرێ هەر دوو لا ئەرکی سەرشانیان بەتەواوەتی وبە دەستوبردی جێبەجێ بکەن •• هەروەها بۆ ئەوەی ئەو تاقی کردنەوە تازەیە بەمەرەی تاقی کردنەوەکانی تر نەچێ وا پیویستە ئەکات کە بەوردی ناوەرۆك و برگەکانی رێککەوتننامەکە جێبەجێ بکرێن و مافەکانی گەل مسۆگەر بکرێن و ریزی لەشکرو پۆلیس و دامودەزگاکانی دەوڵەت بەدەستوبردی لەو کەس و لایەنانە پاك بکرێنەوە کە ئەو رێککەوتنە زیانی لەبەرژەوەندیەکانیان داوەو دەزگاکانی مخابەراتی ناوەندی ئەمەریکاو دەزگا جاسوسیەکانی رۆژئاواو جموجۆلی کۆنەپەرستو بەکرێ گیراوان پەك بخرێت ••

ئەمانەو چەند شتێکی تر زامنی جێگیرکردنی ئاشتیەکی راستەقینەو هەمیشەیی ئەکات لەلائوس دا هەروەها هەلێکی باش لەبەردەم وڵاتدا دێنێتە پێشەوە بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وڵات و رزگاربوون لەپاشکۆیەتی ئەمەریکا •

Institut kurde de paris

رابوونێك دەربارەی بەندیخانەکانی رژێمی سایگۆن

محمود حاجی
لەگۆڤاری - الهدف - ەوە
وەری گرتووە

لەمانگی رابردوودا (چۆن بون) بەرێوەبەری رێکخراوی (چاك کردنی بەندیخانەکان) هەوڵی دا راستی ئەو قسانەی بۆ دەرکەوێت کە بالوێزەکانی ئەمەریکا لەخواروی ڤیتنام دەیکەن و دەڵێن :

دەوڵەت بەهیچ چەشنێك دەستدرێژی ناکاتە سەر دانیشتوان و بەند کراوی سیاسی لەخواروی ڤیتنامدا نییە ••

جا بۆئەوەی ئەم قسانەی بۆ ناشکرا بێت بەرەو سایگون ئەونەرێ و لەوێ گەلێ شتی وای ئیت لە قسەکانی کاربەدەستانی سایگونی پوچ ئەکردەوە ، ئەم بارەیەوە جۆن بون دەڵێت : کاتێ بەناو سایگون دا بەرۆیشتم چەند هەتیوو لێقەوماوم لە شەقامەکاندا بەرچاوکەوت کە لەبرسانا هاواریان ئەکرد وە هەروەها زنێکی برسیم دیت کەخەریك بوو لەبرسانا ئەمرد ، لەوەوە دەردەکەوێت کە دەوڵەت هێرش نەباتە سەر دانیشتوان و بایەلێ بەسەربەستی بژین • دیارە ئەم کارانەش لەدەوڵەتێکی پۆلیسی دا رووئەدات کە هەموو جۆرە مافێکی مرۆڤی تێدا پی‌شێل کرابێت •

لەکاتێك دا ئەمویست چەند پرسیارێك لە دانیشتوان بکەم پۆلیس دەوریان ئەدام و زیاتر لە چەند جارێك داوای بەساپۆرتیان لێ ئەکردم و هەرچەندە ئەو کەسانەی قسەم لەگەڵا ئەکردن شوفێربوون بەڵام هەریەکەیان پێناس نامەیەکی پۆلیسی پێبوو بۆ ئەوەی لەگرتن رزگاری ببێت •

وە دەیانوت : هەر ١٤٠ کەس لەدانیشتوان پۆلیسێکیان بەدواوەیەو هەر سەربازیکیش کە لە لەشکردایە مافی گرتن و کوشتنی پێدراوە بەبێ لێپرسینەوەو سزادان ، جۆن بون باسی مەحکەمەکردن ئەکات و ئەڵێت : لەمەحکەمەی لەشکردا پێنج قازی هەیەو چەند پارێزەریش بۆ دیفاع کردن لەگیراوەکان دانراون هەرچەندە ئەم پارێزەرانە نایانەوێت راستگۆیانە رەفتار لەگەڵ خەلکیدا بکەن بەڵکو هەر بەناو ئیشدەکەن و زۆرجار هەڕەشە لەگیراوەکان ئەکەن کە پی لەتاوانەکانیان بنێن •

گرتنی خەلك لە خواروی ڤیتنام دا لەلایەن کاربەدەستانەوە وایەو بەئارەزوی خویان ماوەی گرتنی بەندەکان دەستکاری دەکەن و جاری وا هەیە لەساڵێکەوە بۆ دوو ساڵ ماوەکە زیاد ئەکەن و جۆرەها ئالەت بەکار دەهێنن بۆ ئازاردانیان •

گەلێ جار کارەبا دەخەنە سەر ئەو ئەندامانەی کە زۆر ناسکن لە لەشی ئادەمیزاددا یا گەدەی بەندەکان پر دەکەن لەئاو بەهۆی بەکارهێنانی سۆندەی ئاوەوە کە دەیخەنە ناو هەردوو کونە لووتی بەندەکەوە تاوەکو گەدەی پر دەبێت و لەهۆش خۆی ئەچێت ، وە نەبێت ئەمە تەنها بەرامبەر بە پیاو بکرێت بەڵکو ئافرەتیش توشی ئەم دەردی سەری و ئازارە ئەبێت و بگرە زیاتر لەوەش دوو سێ ماری ژەهراوی دەخەنە ناو کراسەکانیان بۆ ئەوەی شێت ببن و ئاگایان لەخۆیان نەمێنێت •

جۆن بون دەڵێت :

بەچاوی خۆم چەند ئافرەتێکم لە نەخۆشخانە یەك دا بینی کە بەهۆی ئەم مارانەوە شێت ببون و هۆشیان لەلای خۆیان نەمابوو •

وەهەروەها دەڵێت لە ١٥ی کانوونی دووەم دا مەحکەمەیەکی هەسکەری بۆ دوانزە کەس دانرا کە بەتاوانی یارمەتی دانی شورشگێران گیرابون ، ئەم گرتنەی ئەوان بەپێچەوانەی رێك کەوتنەکەی پاریسە کە دەڵێت : بەندە سیاسیەکان دەبێ بەبێ بدرێن و نابێ هیچ رەفتارێکی ناشیرینیان لەگەڵدا بکرێت هەرچەندە هەوڵی یارمەتی دانی لایەکی تر بدەن •

بەڵام کاربەدەستان گوێ بەو قسەیە نادەن و لەسەری نارۆن بەڵکو پەنجە درێژ کردنێك بەسە بۆ گرتنی دەها کەس لەرۆژێك دا ، کاربەدەستانی سایگۆن دەیانەوێت بەهەر جۆرێك بێت تۆبە بەو کەسە بکەن کە دەیگرن بۆ ئەوەی جارێکی تر دژی رژێمەکەیان تێنەکۆشێ ، خۆ ئەگەر هاتوو جارێکی تر ساغ بۆوە کە ئەو کەسە دژی حکومەت تێکوشاوە ئەوا هەمو خێزانەکەی توشی

بڕوانە ل (٧)

گەشتێك بە بیابانی تاکلاماکان دا

زریان
کردویە بەکوردی

بیابانی تاکلاماکان پانترین بیابانی کۆماری چینەو کەوتۆتە ناوەراستی ناوچەی (شینجیانگ)ی خاوەن ئۆتۆنۆمی • ئەم بیابانە هەر لە کۆنەوە کەلێ باسی لەسەر کراوەو هەوڵی زانینی ئاوو هەواو ژیان لێ بوونو نەبوونی دراوە ، لەپێش ئەوەی ناوچەکە رزگاربێت بە چەندەها کەس چونەتە ئەوێ بۆ لێوردبوونەوەو تەماشاکردنی ئەم بیابانە ، بەڵام لەدواییدا بۆیان دەرکەوتووە کە گیانداری تێدا نازی و بەکەلکی کشتوکاڵ کردن نایەت ، لەبەرئەوە ئەم بیابانەیان بە (بیابانی مردوو) ناوناوە •• لەدوای رزگاربونی ناوچەکە کۆمەلی ئەکادیمی چینی گەشتێکیان بەم بیابانەدا کردو گەلێك راستی یان روون کردەوەو چەند جۆرە گژوگیایان لێدۆزیەوە ، ئەم کۆمەلە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە کشتوکاڵ لەم بیابانەدا بکرێ و سوودی لێوەربگیرێ •

بیابانی تەکلاماکان لەچەند تەپۆلکەیەکی جیاجیا پێك هاتووەو لەگەلێ شوێنەدا تەپۆلکەکان شێوەی بازنەیی تەنیا وەرئەگرن • ئەم تەپۆلکانەش بەرزاییان لەهەندی لادا ئەگاتە سەدەها مەترەو لەکاتی باهەلکردندا ئەم بەرزایانە نامێنێ و وەکو شەختەیان لێدێت • ئەم بیابانە ٣٢٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی داگیرکردوە کە دەکاتە سێیەکی هەموو بیابانەکانی کۆماری گەلی چین •

وە بۆ ئەم کۆمەلە دەرکەوت کە شێوەی جوگرافیایی ئەم بیابانە چۆنەو چۆن ئەو رووبارانەی لەچیاکانی - بامیرو تیانشان و کولون - دەرژێنە خوارەوە دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم تەپۆلکانەو چ هۆیەك کار ئەکاتەسەر ئاوو هەواو رەقبوونی ئەم تەپۆلکانە • وەچەند شوینەوارێکیان دۆزیەوە کەکاتی خۆی شاربوون و بەهۆی کارتێکردنی مەناخەوە لەناوچوون •

گەرمی و ساردی ئەم بیابانەوەکو یەك نییە بەڵکو بەپێی شوین و کات دەگۆڕێت ، لەبەیانیانا زۆر ساردەو لەکاتی نیوەڕۆیان دا پلەی گەرما بەرزئەبێتەوە بۆ ٧٠ تاکو ٨٠ پلە ، لەوکاتەدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەند گێژەلوکەیەك لەم بیابانەدا • وەلەکاتی شەودا پلەی گەرما نزم دەبێتەوەو زۆر جار دەچێتەخوار سفرەوە •

لەم بیابانەدا چەند روەکێك (نبات) هەیە کە هەریەکێکیان رەنگێکی تایبەتی وەرگرتووەو بۆتە پتەوکردنی تەپۆلکەکانو پارێزگاری کردنیان لەکاتی باهەلکردندا ، بەڵام گەلای ئەم روەکانە پاش ماوەیەك بچووك ئەبنەوە هەتاوەکو درکیان لێدێت •

وە لەئەنجامی ئەم گەشتەیاندا بۆیان دەرکەوت کە چەند بیابانەکە کەلك وەربگرن •

لەهەر شیعرە و کۆپلەیەکی بهران

خۆدۆزینەوە
پاش بزربوونێکی بێ‌سەرو شوێن

کاك نجم‌الدین عبدالله لە کەرکووکەوە ، لە کۆپلەیەکی شیعرێکی دوورودرێژیدا بەو ناوەوە ئەڵێ :

لەو رۆژەوەی چەرخی بیستەم لەدایك بوو
کۆچی ژیان هەنگاوی نا
کارگەکانی مۆسکۆی لینین
داسە خۆیناوی‌یەکانی هانۆی ٠٠ پەکین
هاواریانە :
« هەژارەکان ٠٠٠
وەرن ٠٠ وەرن گوڵ بچێنین
ریشۆڵە کان قەت کۆچ ناکەن
رەنگی بێ‌رەنگی شارەکان
تا ئەو رۆژەی هەنئەواسرێن
قەت دەنگ ناکەن
خێڵەکی‌یەکان ٠٠
تا ئەو رۆژەی دووکەڵی رەشی کارگەکان
تێپەڕ نەکەیت بە قوڕگیانا
رەنگی سپی نەسووتێنیت لە ناویانا
هەرگیز ئالای رەنگی سوورت
بۆ هەڵ‌ناکەت ٠

شـۆڕش

هەروەها خوشکە (حسیبە شوان) یش لە کەرکووکەوە ، لەچەند دێڕێکی سەرەتای ئەو شیعرەیدا ئەڵێ :

پەردەی رەشی تاریکی‌ی شەو
پەردەی شانۆگەری‌ی رووەمە
گیانی تەزیوی سڕبوومە
ئەنالێنێ بەبێ هاوار
ئەمڕۆ زانیم وێڵم ٠٠ وێڵم
بەدرای ئاواتی وون‌بووما
خۆزگەی هەزار ساڵەی پێشووم
یاخی ئەکات ٠٠

رازێکی وون‌بوو
لەشەقامێکی بێ‌ناوا

کاك فریدون عبدول بەرزنجەیی لە کۆپلەی سێ‌هەمی ئەو شیعرەیدا ئەڵێ :

رازێکم بوو ٠٠
هەرچەند ئەمویست
لای پەری‌یەکەم بیدرکێنم
دەستی دەنگێك
ئەهات ئەیووت :
بێت‌و بیڵێی ئەتخنکێنم

هەروەها کۆپلەی چوارەمیدا ئەڵێ :

بە ناچاری رازی خۆمم
تۆمارکردە سەر نامەیەك
لەشەقامێکی بێ‌ناوا
بەمەلکی نەناسراوا
نامەم ناردە شوێن تارمایی
مەلی پۆستە
رۆی تانزێکەو کۆتایی

تـۆ وەك مـن نیـت

هەروەها کاك قوباد بەهرەوەر لە کۆیەوە ، لەکۆپلەی یەکەمی ئەو شیعرەیدا ئەڵێ :

خۆزیەم ئەخواست
نیوە شەوێك
تەنیا شەوێك لای‌خۆم داتنێم
لەجیاتی گەشت بەرەو ئاسمان
باسی جوانی‌ی ئەستێرەکان
یەك دێڕ شیعرت لەسەر دانێم

چەند سەرنجێك
دەربارەی « نەوەی هەژاری و چەند سەرنجێك » لەناوێنەی رەخنەدا
محی‌الدین شێخانی

کێلگە چەند پێویستی بە **بارانە** ، برسی چەند پێویستی بە نانە ، ژیان چەند پێویستی بە تێکوشانە ، ئاواش ئێمە پێویستمان بە رەخنەی دروست‌کەر هەیە ٠ رەخنەش بریندارکردن‌و ژماردنی خەوش‌و کەموکوڕی نی‌یە هەروەکو هەندێ کەس تێی گەیشتوون٠ بەڵکو هەڵسەنگاندن‌و شی کردنەوەیەکی وردو قووڵی لایەنی پوختو کرچوکانی بەرهەمی ئەدەبی‌یە ٠ لەگەڵ دیارکردنی نرخی مەوزوعی‌و شوێنی رۆیینی لەسەر هێڵی ئەدەب‌دا هەر کەبەرهەمی‌ئەدەبی سەری هەڵدا ، رەخنەی‌ئەدەبیش سەر هەڵ‌ئەدا ، چونکە رەخنەی ئەدەبی خۆی (کاری ئەدەبی)یە وە فسەکردن لەسەر کاری ئەدەبی ، پێشەکیەکی سروشتی‌یە بۆ دوان لەسەر رەخنە ٠

لەژمارە (٢٠٩)ی ئەم رۆژنامەیەدا کاك (عبدالوەهن دەشتی) چەند سەرنجێکی خۆی دەربارەی (نەوەی‌هەژاری‌و چەند سەرنجێك) خستەروو ، وە مەبەستی‌بەرەودوای ئەوەبوو کە ئەو سەرنجانەی لەژمارە (٢٠٦)ی هاوکاری خۆشەویست‌دا دەربارەی کتێبی (نەوەی هەژاری) بلاوکرایەوە لەجێگای خۆیان‌دا نەبوون ٠

لەپێش‌دا سوپاسی بێ‌پایانی کاکی رەخنەگر دەکەم کە بەتەنگ پرکردنەوەی کەلێنی ئەدەبیمانەوە دەچێ ، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتبووە نێو دووریانی چەند هەڵەیەکەوەو رەخنەکەی لەسەر بناغەیەکی دووگماتیکی دارشتبوو بەپێویستی دەزانم ئاگاداری بکەمەوە ، نووسەر دەڵێ : (لەسەرەتای دەربرینی سەرنجەکەیدا بە شێوەیەکی رەخنەیی لەسەر رووێکی راست دەڕوا لەوکاتەی کە خوێنەر دەیخوێنێتەوەبەڵام لەناوەرۆکەکەیدا چەند کۆسپێك لەپێش چاوی ئەدەبیمان زەق دەبێتەوەو سەرنجمان رادەکێشێ) ٠

دەبێ ئەو کۆسپانە چی‌بن کە لەپێش (چاوی) ئەدەبی‌مان‌دا زەق بێتەوەو سەرنجی خوێنەر رابکێشێ ؟

وە دەبێ رەخنەی تێکدەر لەم قۆناغە ناسکەدا لەزیان بەولاوە چ سوودو قازانجێکی تیابێت؟ ئایا راستە پرکردنەوەی کەلێن‌و قوژبنی ئەدەبیمان لەبەر رۆشنایی ماتیریالیزمی دیالەکتیك‌و راست‌کردنەوەی هەڵەو دیارکردنی لایەنی‌چاکی‌و خراپی بەرهەم بەزەق‌کردنەوەی کۆسپ بدرێتە قەڵەم ٠ ؟

نووسەر دەڵێت : ئایا شاعیری ناوبراو لەم ریبازە (هوشیارکردنەوەو بەئاگا هێنانی گەلەکەی) لای‌داوە ؟ بەڵێ لەم ریبازە ڕۆریشی لاداوە چونکە نەی‌توانیوە ئەرکی سەرشانی بەجێ‌بگەیەنێ ٠

نووسەری سۆڤیەتی (کۆنستین فیدن) وتویەتی (بەگشتی کارەکانی ریالیزمی سوشیالیست پێویستە وەڵامی پێداویستیەکانی دروست‌کردنی ئادەمیزادی جیهانی نوێ بدەنەوە ٠ مەبەستیشمان لە جیهانی نوێ : جیهانی سۆشیالیزمە ٠ بەم جۆرە ئێمە خەبات دەکەین بۆ وێنەکێشانی ئەم جیهانە بەهۆی وەسیلە جۆربەجۆرەکانی هونەری ریالیستەوە) ٠ ئایا ئەم شیعرە تاچ رادەیەك کەموکوڕی کۆمەڵی کوردەواری بەدیار دەخات :

دەبا بمرم بەجاری مانی وێرانم
بۆ ئەم گەلە فرمێسك دێ لەچاوانم

وەکە نەتوانێ بەدیاری بخات‌چۆن‌دەتوانێ پڕی‌بکاتەوەو چارەسەری بۆدەست نیشان‌بکات کاك (دەشتی) ئەم شیعرەی بەپێوەرێکی ئاڵی هەڵسەنگاندوە بۆیە دەڵێ : (شاعیر گەلەکەی وشیار دەکاتەوەو کەموکوڕیەکانی پێشان‌دەدات جاکە گەل کەموکوڕی خۆی زانی ناچار هوشیار دەبێتەوە ٠٠ ، ٠ (جیتە دەڵێ : (رەخنە دوو جۆرە ٠٠ رەخنەی تێکدەرو رەخنەی دروست‌کەر ـ وەیەکەمیان بەپێوەرێکی ئاڵی ئەدەب تاقی‌دەکاتەوەو دەی پێوێ ٠ بەڵام دووەمیان وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەداتەوە ئەو مەبەستە چی‌یەکە نووسەر بۆی تێدەکۆشێ ، وە تاچ رادەیەك لە تێگەیشتنی هەروەها لە جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشەکەی سەرکەوتوە ٠) ؟ شاعیر دەبێ بەیداخی خەباتی توندوتیژی کۆڵ‌نەدان بەرز بکاتەوەو لەناوجەرگەی چینی پرولیتاریای بچەقێنێ‌و بە شیعری شۆرش‌گێرانەو پێشکەوتوخوازانەو پراکتیك پشتگیری کۆمەڵ بکاو دڵنیایان بکا کە سەرکەوتن هەر بۆ ئەمانە ٠ وە تۆوی هێزو یەکیەتی لەنێو دڵی رۆڵەکانی گەلدا بچێنێ ، ئینجا لەنێو گەلانی تری جیهان ٠

(جورج وودبرێ) لەم رووەوە دەڵێ یەکەمین ئەرکی ئەدەب ئەوەیە کە بەشداری لە یەکگرتن‌و هاوکاری کردنی گەلانی سەر رووی زەمین بکا لەگەڵ یەکتردا ، چونکە ئەدەب ئورگانی مرۆڤە کە بەهۆیەوە هەستی دەروونی خۆی دەربڕێ) ٠

رەخنەگر کە حوکم بەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی‌دا بدا دەبێ راست‌گۆیی‌و لایەنی عاتیفەو خۆشەویستی نەتوانن حوکم دانەکەی لێ لێل‌بکەن ٠ (ئەرك‌و ئامانجی رەخنە هەرچیەك بێ کەبۆی تێدەکۆشێ ، دەبێ رەخنەگرچاو تیژو خاوەن زەوقێکی زیندو توانای‌بەشداری کردنی عاتیفەو سۆزی لەگەڵ بوێژدا هەبێ، دووربێ لەهەموو کاریگەریەك کە دەیەوێ حوکم دانەکەی لێ پوچەڵ‌بکاتەوە جگە لەوەی دەبێ لە ئەدەبدا شارەزایێکی تەواوی‌هەبی‌و بەرەسەندنی قۆناغە مێژوویی‌یەکانی ئەدەب‌و پەیوەندی لەگەڵ هونەرەکانی تر بزانێ‌و بەناخی بەرهەم‌دا هەڵ بکشێ بۆئەوەی حوکم‌دانێکی راستی بە سەردا بدا) ٠

ئایا هەر شاعیرێك لە خێزانێکی هەژار سەری هەڵدا شیعرەکانی تەعبیر لەناقی کردنەوەی ژیانی دەکا ؟ یاخود ئەوە دەگەیەنێ کە تووشی هیچ هەڵەیەك نەبێ ؟ ئێمە دەبێ سوود لەهەڵەی رابووردومان وەربگرین‌و لەداهاتوودا هەمان هەڵەدووبات نەکەینەوەو نکۆڵی لێ نەکەین وەك (نەبامان دی‌بێ‌و نەباران) هەمان رێباز بگرینەوە بەر من ئیمرۆ شیعرێك بەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوبکەمەوەو ئەم شیعرە کەمو کوڕی تیابێ گەریەکێ ئاگادارم نەکاتەوە سبەینێ هەمان هەڵە دووبارە دەکەمەوە بەبێ ئەوەی هەستی پێ‌بکەم ٠

٠٠ سەرۆك (ماوتسی تۆنگ) لەم رووەوە دڵێ : (پێویستە ئەو خراپەیەی لەرابردوودا بووە شی‌بکرێتەوەو رەخنەی لێ‌بگیریت لە هەڵوێستێکی زانستی‌یەوە بۆ ئەوەی‌کەفرمانی دوا رۆژ چاکترو وریایانەتر بەجێ‌بگەیەنرێن، ئەمەیە مەعنای فێربوون لە هەڵەکانی رابوردو وە خۆلادان لەهینەکانی دوا رۆژ) ٠

کاك دەشتی وەکو بیەوێ لەراستی دووربکەوێتەوە کە دەڵێ : شاعیری ناوبراو لەرێباز لای‌نەداوە ٠ بەڵام بەم بۆنەیەوە ئامۆژگاریە برایانەکەی (فیلیس بۆتۆم)ی بۆ دەهێنمەوە کە دەڵێ : (ئامۆژگاری نووسەری باوەڕ پێ‌نەکراو دەکەم ، کەئیشەکەی خۆی بەپێشەیەکی وا بگۆرێتەوەکە خەڵکی نەتوانن فێڵەکەی لێ‌ئاشکرا بکەن ، یا ئەو فێڵە زیانێکی کەمتریان پێ‌بگەیەنێ ٠ چونکە رۆژێك دادێ کۆمەڵ وشیار بێتەوەو ریسوای بکا) ٠

شیعردانان رێزکردنی وشەی بریقەدار نی‌یە وەکو هەندێك بۆی دەچن بەڵکو شیعر دەبێ لەروخسارێکی خنجیلانەو ناوەرۆکێکی بەرزدا بێت ، وە ئامانجێکی دیاری‌کراوو تایبەتی هەبی ٠

(بێن جۆنز) لەم بارەیەوە دەڵێ : (سەلیقەی شیعری بەتەنها بەس نی‌یە بەڵکو دەبێ لەدوای زانینی نهێنی‌یەکانی شیعر دانان ، بەراهێنان چاك بکرێت) ٠ لەم قۆناغە گرنگەی ئەمڕۆدا ئەرکی شاعیر تەنیا خستنەرووی کەموکوڕی گەلەکەی نی‌یە ، بەڵکو پێویستە چارەسەریشیان بۆ بدۆزێتەوە ، چونکە ژماردنی کەموکوری بەتەنیا لەوانەیە هەندێ جار ببێتە هۆی کۆشە گیری‌و کۆڵدان ٠ شاعیر پێویستە بەرچاوی زۆرلی‌کراوان رۆشن بکاتەوەو دلنیاشیان بکا کە دوارۆژێکی رووناکیان هەیەو دەبێ رۆژێك هەر بیگەینێ ٠

ماوتسی تونگ : دەڵێ : (دنیا هەر لەپێش‌کەوتندایەو پاشەڕۆژ رووناکە هیچ کەس ناتوانێت ئەم شارێ گشتی‌یەی مێژوو بگورێت ٠ ئەبێت هەمیشەلەسەر پروپاگەندەکردن بڕۆن لەناو گەلدا لەبابەت راستی پێش‌کەوتنی دنیاو رووناکی ئەو پاشە رۆژەوە کەلەپێشە ـ تاوەکو باوەڕی بەسەرکەوتن پتەوبێت ٠ بەهیچ جۆرێك نابێ رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنمان لەسەر بنچینەی دۆگماتیك‌دا بێت ، بەڵکو پێویستە لەسەر بنچینەیەکی زانستی‌و پسپۆرانە بێت ٠

« ئەنگیساندەر دیمتێف » لەم رووەوە دەڵێ « رەخنەمان دەبێ لەسەر بناغەیەکی چینایەتی بێ ، بۆ ئەوەی کار بکا نەك تەنها بۆ دەرخستنی لایەنە سێبەرگرتوەکانی ژیانمان ٠٠ بەڵکو بۆ چەسپاندنی ئایدیاڵەکانی سوشیالیزم » ٠

گەر چاو بپۆشین‌و پەیوەندی بڕوانە ل (٧)

سەرووکی سبەینێ

– ئاردەلان –

لە پێناوی ئاگرێکدا
هەزار ئاگرمان هەڵگیرساند
× ×
لە پێناوی گیانێکدا
هەزار لاومان کرد بەقوربان
× ×
لە پێناوی ژیانێکدا
هەزاران مردنمان‌داچاند
× ×
لە پێناوی رووناکیدا
هەزار تاریکیمان سوتاند
× ×
ئەی لە پێناوی سەربەستی
بۆ خۆمان‌و بۆ کوردستان !؟
ئەڵێ : بابە
کوانی ژیان ؟
کوا سەربەستی ؟
کوا کوردستان ؟
کوانێ ئاگرەکەی باپیرمان ؟

خلیل مخلص و هەڵبەستی « کە قارە قاری مەرهات »

بەهاران ٠٠ خوێن ئەبزوێ‌لەش گەشەئەکات ٠٠ دارەکان لق‌و پۆپ دەرئەگەن ٠٠ دڵداراەکان بەرەو گەشت‌و سەیران ئەچن ٠٠ هەرمنداڵەو ئەیبینی لەگێژاوی غەم‌دا پیر ئەبێ‌و هەر پیرە بەدەست‌و گۆچانی سەری مەیدانی گرتوەو دڵی لەدڵی‌لاوان بەجۆشترە ٠٠ جا هەندێ کەس لەدەفتەری یادگاری یادەکانیاندا دەنوسن‌و هەندێکیش هەروەکو خەون‌دەیگێڕنەوەو شاعیرانیشمان بەدەست‌و خامەی نەبەزیان ئەی‌چنن‌و لاپەرەکانی دەفتەری یادگاریان پڕ ئەکەنەوە ٠

جا ئێستا ئێمە دەفتەری‌یادگاری مامۆستا « مخلص » هەڵئەدەینەوەو لاپەڕەیەکی ئەماشا ئەکەین ، ئەبینین لەژێر ناوی « کەقارە قاری مەرهات دا پارچە شیعرێکی تابڵێی تەپوپاراوی تیادا نوسراوەتەوە بۆیان گێڕامەوە وتیان :

کات بەهارو سەردەمی نیوەڕۆ بوو ، شوێن ، دەشتی قەراج‌و بنار ، بناری چیای قەرەچوغ ٠٠ هەتا چاو بڕی ئەکرد هەر رەشماڵ‌و مێگەلەمەڕ بوو ٠٠ کۆچ‌و کۆچبار لەرێگادا وەك شارە مێروولەهەر نەدەبڕایەوە ٠٠ مامۆستا خلیل مخلص‌و کۆمەڵەئەفەقێ‌یەکی خوێن‌گەرم‌و بەکەیف رێیان ئەکەوێتە ئەو ناوچەیە ٠٠

لەجێگایەکی بڵند دادەنیشن‌ودەست ئەکەن بە گێڕانەوەی سەرگوزشتەو قسەی خۆش‌وگەمەو گاڵتە لەنێوان خۆیانداو چاویشیان ئەبڕنە فلیمی ئەم‌دەشت‌و هەوارانە کە لەبەر چاویان ئەهات‌و ئەچوو ٠٠ ئەم‌دیمەنە بە جۆرێك سەرنجی راکێشان تاوای لێ‌کردن لەمامۆستایان (کەمەبەست مامۆستا مخلص)ە ، بپارێنەوەشیعرێکیان بۆ دابنێ لەسەر ئەم شانۆیە بێ‌کۆتاییە ٠ ئنجا ئەمیش لێیان دورکەوتەوەو قەڵەمێك‌و چەند وەرەقەیەکی‌شڕی‌گرت بەدەستەوەو ناوی خوای لێ‌هێناو وتی :

کە قارەقاری مەرهات وەکوهەوری بەهاری
هێنایە خوار لەسەر سەر ئەوشۆخە کۆفی لاری
بەهەوری سۆری پۆشی‌زولفو کەزی ڕەشماری
پشت بەستی بەستەپشتی لەژێر مەمکی هەناری
ناوی‌خوای خستەزاری ،دەچتە بێر شەنگەبێری
لەسەر قۆڵی کەلادا کلەنگوچکی کتانی
پارچە زیوێ وەدەرکەوت لەژێر بەفری بەیانی
لەدونیادا حەرامە لەپاش(ئەو) نەوجوانی
خودا حیفزی بکاتن لەچاوی دوشمنانی
دەروا بەخان‌و مانی ، دەچتە بێر شەنگەبێری
بەینی خەزێم‌و گوارەی نەزێر نەکارەبایە
لە شەرمەزاری هەردو رویان‌زەرد هەڵگەڕایە
قەلبی لەقەلبە هەرکەس بڵێ‌رۆژ یاچرایە ٠
هەرکەس کە دیتبێتی هۆشی‌لەسەر نەمایە
بۆ دینی هەر بەڵایە ، دەچتەبێر شەنگەبێری

بەم جۆرە مامۆستا زنجیرەی باسەکە درێژ ئەکاتەوەو باسی ئەم بوارە قەشەنگ‌و دڵرفێنە بەزێرین دادەرێژێ ٠٠ وشەی پاراوتەڕ تێکەڵ بەبیرو هەست‌ونەستی شاعیر دڵدەهێننە سەما خوێنەر وا هەست‌ئەکات‌کە گشت کاتی هەر بوارە ٠٠ بەم‌جۆرە بەرەبەرە ئەرواو نزیك‌ئەبێتەوە تاکو گۆچانی لەدەست هەڵ دەزەڵی‌و ئەکەوێتە نێوگۆمی بێ‌بنی پیاهەڵدانی جوانی‌و شۆخ‌و شەنگی دلبەرەکەی‌بەجۆرێك مەگەر هەر خۆی برانێ ٠٠ کە ئەڵێ :

کە هاتەدەر لەرەشمار رۆژبو لەهەوری دەرهات
بەحوسنی خۆی دەنازی سەرخۆش‌و بێ‌هوبالات
غەوغا دەکەوتە ئەرزی کەوتە سەما سەماوات
عالەمی کوشت بەجاری دووچاوی پر ئیشارات
ئەو فیتنەیە لە کێ‌هات ،دەچتە بێر شەنگەبێری

ئینجا پێش ئەوەی کە کۆتایی‌یە بوارەکە بهێنی دیسان دێتەوە سەر باسی دەشتی قەراج‌بەگشتی‌و خۆشەویستەکەی بەتایبەتی :

دەشتی قەراج بەهەشتە (ئەو) حۆریە بەتەنها
بۆ دڵ گوشادی جارجارەیلی دەکاتە هەرلا
قازو قوێنك‌و سینەهاتوونە بۆتە مەننا
بنوارە کارغەزالان چۆن‌بوینە شێت‌و شەیدا
کەوتوینە چۆڵ‌و سەحرا ،دەچتە بێر شەنگەبێری ٠

ئینجا لەکۆتاییدا رووئەکاتەخۆشەویستەکەی‌و پێی ئەڵێ : هەرچەندە (مخلص)پیربوەو چەماوەتەوە ، بەڵام دڵی لەدڵی هەزارەها لاو تەرترو بەکەیف ترە ٠٠ بۆ راوە کارمامزو گرتنیان زۆر شەیدایە٠٠ بەڵام نزیك مەترسیە چونکە جەرگ‌و دڵی بە تیری عەشقی‌بێ‌دەرمانی کچە کوردێك براوە ٠٠ گوێت لێ‌بێ کەئەڵی :

مخلص ئەگەرچی پیرەقامەتی واچەماوە
ئەما لەدڵ جەوان‌و لاچاك‌وتازەلاوە
بۆ گرتنی غەزالان کەیفی لەسەیرو راوە
بەتیری بەچە کوردێ جەرگ‌و دڵی براوە
کاری یەقین‌کراوە ، دەچێتە بێر شەنگەبێری

جەلال مەولود سنجاوی

---

institut kurde de paris

وەزارەتی پەروەردە چەند پرۆژەیەك جێ بەجێ ئەکات

وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ چەند پرۆژەیەکی پەروەردە کردن جێ بەجێ ئەکات ، کە تێکرا ٢٠ ملیون دیناریان تێ ئەچێت .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی پەروەردە رایگەیاندووە ئەو پرۆژانە بریتین لە دروست کردنی بارەگای وەزارەت کە ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، لە گەڵ دروست کردنی ٢٣ قوتابخانەی پیشەسازی کە پێنج ملیون و ٥٧٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت . وە دروست کردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی کشت وکالی کە ٢٦٦ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، لە گەڵ فراوان کردن و چاك کردنی قوتابخانە کشت وکالی یە کۆنەکان ٨٦١ هەزار دیناری تێ ئەچێت .. وە دروست کردنی ١٥ قوتابخانەی بازرگانی لە پارێزگاکانی وڵاتدا کە ٧٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، وە دروست کردنی پێنج مەعهەدی مامۆستایان کە ٩٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت وە دروست کردنی سێ کارگە لە پارێزگای بەغداو بصرە نەینەوادا کە ملیونێك و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، وە دروست کردنی چەند کارگەیەکی بچووك بۆ ئیشی دەست کرد کە ١٨٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، ودروست کردنی چەند یانەو نیشتەجێیەك بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی دێهات و شوێنە دوورەکان ، ملیونێك دیناری تێ ئەچێت هەروەها جێ بەجێ کردنی پرۆژەی جیهازی پەروەردە کردن ملیونێك و ٧٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، وە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی ئامادەیی و ناوەندی دوو ملیون و ٨٥ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی پەروەردە لە بوجەی ساڵی (١٩٧٣ - ١٩٧٤)ی دا چوار ملیون و ٩٨٠ هەزار دیناری داناوە بۆ دروست کردنی ژمارەیەك قوتابخانە لە پارێزگای بەغداو کەرکوك و نەینەواو بصرە ، بۆ نەهێشتنی بەجووت خوێندن لە قوتابخانەکاندا .

بەربەست کردنی نەخۆشی داکوتن

وەزارەتی تەندروستی دەیەها تیپی لە ناوچەی لافاودا بڵاوی کردۆتەوە بۆ بەدەنگەوە چوونی ئەو دێهاتانەی لافاو گرتوویانە تەوە ، وە بۆ چارە سەر کردنی نەخۆشە کانی ئەو ناوچانەو بەربەست کردنی نەخۆشی کە وتنەوە لەو ناوچانەدا .

بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستن لە وەزارەتی تەندروستی هەندێ تیپی پێك هێناوە بۆ ژەهر رشتن دژی مارومیرو لەو ناوچانەدا ، وە چەند تیپێکی تریشی پێك هێناوە بۆ کوتانی پیرو منداڵ دژی نەخۆشی گرانەتاو ئاوڵەوشەڵەی منداڵ ، لەو ناوچە نوێ یانەدا کە کاربەدەستان بۆ لێقەوماوانی لافاو ئامادەیان کردوون .

یادی دەمەتەقێیەك لەگەڵ حەمەرەشیدی جوانەمەرگ دا

چەند رۆژێ لەمەوبەر ، بەبەر دەمی پۆلەکەیانا تێپەڕیم و دیم لەبەرقاپی راوەستاوە وگۆڤاری ژمارە (١١)ی نوسەری کوردی بەدەستەوەیەو ئەیخوێنێتەوە ، بە جۆرێکی وا چوبوە ژێریەوە ، خەیاڵی هەتەر ببو .. بێ ئەوەی ورتە لە دەممەوە بێت بۆ چەند دەقیقەیەك لەو نیشتیەوە راوەستام و سەرنجم لێ ئەداو لەدڵی خۆما ئەمگوت : ئۆخەی سەد ئۆخەی بۆ کوردو رۆڵەی خوێندەوارو زیرەکی کورد .. هیوایەکی تازەخزایە ناخی دڵمەوە بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت ، دامە قاقای پێکەنین و لەدەنگی پێکەنینەکەم راپەڕی وسەری بەرزکردەوەو بەشەرمەوە ووتی :

— **خوشکە ئەوەتۆیت ، ببورەکە رۆژباشم لێ نەکردی بەپێکەنینێکەوە ووتم :**

— بەڵێ ئەزانم ، وات ئەزانی لەماڵ خۆتانایو لەگەڵ دایك و خوشکە کانتا خەریکی کفتەخواردن بویت و لێشت ناگرم ، کفتەی سلێمانی زۆر خۆشە .. لەوەلاما وتی :

— **بەراستی بیرم کەوتەوەو لەم رۆژانەدا دایکم نامەیەکی بۆ ناردبوم و تیایا ئەڵێ : (حەمەگیان : بریارم داوە . کفتەلێ نەنێم تا بەخێر (تخرج) ئەکەیت و دێیتەوە بۆلامان و باڵ ئەکێشی بەسەرمانا ..)**

بە هیوایەکی تازەوە ووتم :

— برا چاوت لێیە ، دڵی دایك چۆنە ، توخوا تۆ ئەوەندە بیری ئەوان ئەکەیتەوە ؟

بە نەرمەپێکەنینێکەوە ، ووتی :

— **بێ گومان ، ئەی چۆن .. بەتایبەتی ئێستا پاش ئەوەی باوکم سەری نایەوەو ئێستا کەسێ نیە ، چاودێری دایکم و منالەکان بکا ..**

لەم قسانەوە ، پێچمان دایە جۆرە قسەیەکی ترو وتو وێژێکی زۆرمان لەبارەی ئەدەبیات و دونیای ئەدەبی کوردی یەوە سازدا وبەتایبەتی کە کاکەحەمە زۆر بەهەوەسەوە باسی (بابەتایەری هەمەدانی) ئەکرد .. **تا لەپرێکا ، زەنگی تەواوبونی پشودان لێی داو نەمزانی** ئەم سەعاتە کە بێ دەرس و مامۆستا بووین چۆن وا بەخێرایی تێپەڕی و چ یادگارێکی جگەربڕی لەناخی دڵی هاورێیان و خوشکان و خۆشەویستەکەیا بەجی دێڵی و منیش وهەمومان ، بۆ جارێکی تر نای بینینەوە ..

داخ چەرخی چەپگەڕ .. ئەی برای جوانەمەرگ ، هەزار سڵاو لەگیان و رەوشتی پاکت بێ .. کاکەحەمە رەشید ..!!

عالیە عبدالکریم

لاپەرە -٤-

کۆنگرەی ئافرەتان

ئێوارەی رۆژی سێ شەممە ریکەوتی ١٦ی ئەم مانگە ، لەژیر چاودیری وەزیری پیشە سازی دا یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لەهۆڵی زانستگای موستەنسریە یە کۆنگرەی شەشەمی گرت .

کۆنگرەکە سێ رۆژ ئەخایەنێت لەگەڵ باسکردن و لێکولینەوەی بزووتنەوەی ئافرەتان لە وڵاتدا لە کۆتایی کۆنگرەکەدا ، سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تنفیذی یەکێتی هەڵ ئەبژێردرین .

ئەوەی شایانی باسە رۆژی ٢٧ی مانگی ئاذاری ساڵی ١٩٧٣ یەکێتی ئافرەتان کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەستبوو .

دامەزراندنی کارگەیەکی گەورەی ئیسپرتۆ دروست کردن

داو دەزگای گشتی نەخشەکێشان و دامەزراندنی پێشەسازی لەگەڵ کۆمپانیایەکی (نەمساوی)دا بۆ جێ بەجێ کردن و دامەزراندنی کارگەیەکی ئیسپرتۆ دروست کردن لە پارێزگای دیالە (عەقدێکی)مۆر کردووە .

بەرهەمی ئیسپرتۆی ساڵانەی ئەو کارگەیە خۆ ئەدات لە یەك ملیون لیترە ئیسپرتۆ ، نیوەی بەرهەمی کارگەکە ئەکرێت بە « ویسکی و برندی و جن ، جۆرێ عارەقی چاك .

وا نیازە لە مانگی ئەیلولی ساڵی داهاتوودا لە پرۆژەکەدا دەست بکرێت بە ئیش کردن ، وە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٦ دا کارگەکە دەست بکات بە ئیش کردن .

وەزیری بازرگانی کەنەدا گەیشتە بەغدا

ئێوارەی ١٦-٤ وەفدێکی کەنەدا بە سەرۆکایەتی ئەستار جلسبی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی بە سەردان هات بۆ عیراق وە ئەو وەفدەی لە گەڵیایەتی لە ٤٨ کەس پێك هاتوە کە نوێنەری وەزارەتی دەرەوەو پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوەو کشتوکاڵی کەنەدەن . بەریز جلسبی لە فروکەخانە بە پەیامنێری (ئا.د.ع)ی وت : لە سەردانەکەماندا باسی پەیوەندی بازرگانی و ئابوری نێوان هەردوو وڵات ئەکەین و وەفدەکە لە لایەن کاك حکمت عزاوی وەزیری ئابوری و کاربەدەستانی تری ئەو وەزارەتەوە پێشوازی کرا .

ئا.د.ع

کۆبوونەوەیەکی گەورەی وەکیلەکانی کۆمپانیای ئەفەریقی

رۆژی یەك شەممەی ریکەوتی ١٤ی ئەم مانگە کۆمپانیای بازرگانی ئەفەریقی عیراقی لەهۆڵی ژووری بازرگانی بەغدادا هەموو وەکیلەکانی کۆ کردەوە ، لەشێوەی معاملەکردنی کۆمپانیاو وەکیلەکانی کۆمپانیایان کۆڵی یەوە . بەمەبەستی زۆر کردنی هەموو کەلوپەلێك ، هەتا هاووڵاتیان بۆ هیچ شتێك دا نەمێنن .

لەکۆبوونەوەکەدا وەکیلەکانی کۆمپانیای ئەفەریقی باس ئەو گیروگرفتانەیان کردوە کە ریگایان لێ ئەگرێت ، وە چارەسەرپشیان بۆ داناوە کە لەمەو پاش چاکتر بتوانن لە خزمەت گوزاری هاووڵاتیاندا بن .

ئەوەی شایانی باسە کۆمپانیای ئەفەریقی باسی ئەو عیراقی زیاتر لە (١٩٠٠)هەزارو نۆسەد وەکیلی لە بەغدا پارێزگاکانی وڵات داهەیە .

گۆڤاری بەیان

وەزیری راگەیاندن فرمانی داوە کە گۆڤاری بەیان بدرێتە دەست (دار التضامن) .

میللی کردنی کۆمپانیای کەتەرپیلەر

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ٦ی ئەم مانگەیدا بریاری داوە ، کومپانیای (کەتەرپیلەر) میللی بکات .

هەروەها بریاریشی داوە ، بەرێوە بردن و سەرپەرشتی ئەو کۆمپانیا میللی کراوە بدرێتە وەزارەتی ئابووری .

وەزیری ماسێ کانی سۆڤیات دیدەنی وڵات ئەکات

واچاوەڕوان ئەکرێت رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە وەفدێکی بەسەرۆکایەتی ئایشکۆف وەزیری شوێن راوەماسێکانی سۆڤیات لەسەر بانگ کردنی وەزارەتی کشت وکاڵ بۆ دیدەنی یەکی حەوت رۆژی بێت بۆ وڵات ، وەفدەکە گفت وگۆ ئەکەن لەگەڵ کاربەدەستانی وڵات لەمەیدانی زیادکردنی ساماني ، ماسدا ، وە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیەکی هاوبەش عیراقی و سۆڤیاتی بۆ راوەماسی لەدەریادا .

کارگەیەکی مافوری دەست کرد لە خانەقین

وەزارەتی پیشەسازی بریاری داوە ، کارگەیەکی مافوری دەست کرد لە خانەقین لەگەڵ کارگەیەکی خوری رستن دا دامەزرینێت ، بەمەبەستی ئەوەی بەتاڵی لەناو خەڵی خانەقین دا کەم کاتەوەو بۆکەلك وەرگرتن و پەرەپیدانی بەرهەمی خوری لەو ناوچەیەدا ، ئەوی پێویستی باسکردنە ، وەزارەتی پیشەسازی بریاری داوە لەسەر ئەوەی لەهەموو ناوچەکانی تری وڵات دا لەم جۆرە کارگانە دامەزرێنێت .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٢٠ تا ٢٦ی نیسان ئەگرێتەوەو ریکەوتی ٣١ی نەورۆز تا ٦ی بانەمەڕی کوردی یە هەروەها ریکەوتی ٢٨ی ربیع الاول تا ٤ی ربیع الثانی عەرەبی یە ، ئەم رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

رووداوی کوردی :

لە ٢١ی نیسانی ١٩٢٦دا یەکەم قوتابخانەی کچان لەسلیمانی کرایەوە .

لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا مەدحەت بەدرخان لەشاری (قاهیرە) یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناو (کوردستان)ەوە بلاوکردەوە ، بۆیە ئەم رۆژە کرایە (جەژنی رۆژنامەگەری کوردی) .

لە ٢٣ی نیسانی ١٩٦٢دا مامۆستا (نجم الدین مەلا) کۆچی دوایی کرد .

لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٩دا هۆزی گۆیان لەزاخۆ شۆرشیکیان بەرپاکردو (کەپتان پێرسن) یان کوشت .

لە ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (روناکی) لەهەولێر بڵاوکرایەوە .

رووداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٩دا حکومەتی عیراق دانی نا بە دەوڵەتی ئەلەمانیای دیموکراتی .

٢٣ی نیسانی ١٩٧٢دا مافی کولتوری بۆ برا سریانیەکان ئاشکراکرا .

لە ٢٥ی نیسانی ١٨٥٩دا دەستکرا بە هەڵکەندنی کەنالی سوێس .

رووداوی جیهانی :

لە ٢٠ی نیسانی ١٩٤٩دا ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی یەکەم کۆبونەوەی لەپاریس کرد .

لە ٢١ی نیسانی ١٨٧٠دا دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤیات (ئیلادیمیر لەنین) لەدایك بو .

لە ٢٣ی نیسانی ١٧٩٢دا شاعیری ئنگلیزی شێکسپیر کۆچی دوایی کرد .

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٥٦دا لاوانی دیموکراتی جیهانی دامەزرا .

لە ٢٦ی نیسانی ١٩٦٠دا پچوکترین وڵاتی ئەفاریقایی (تۆگۆ) سەربەخۆ بوو .

بۆگیانی پاکی جوانەمەرگ حەمەرەشید



زایەڵەی دەنگی ئەو هەواڵە دڵ تەزێنە .. هەموو شتێکی دەهێنایە شۆڕش و هەڵچوون .. دەریاکان کەف وکوڵ دەکەن .. لافاوی شەپۆلەکانیان ووشکایی دەهێنێتە لەرزین .. زەمین ئاسمان هەڵدەلووشێ .. ئاو خەریکە گڕبگرێ .. جیهان نووتەك وئەنگوستە چاوە .. گەڕەك .. شەقامەکانی شاری سولەیمانی شلەژاون .. زەوی بوو مەلەرزەیە .. ئاسمان شۆستە بارانە .. هەورە رەشەی بی ئامانی نرکەی دێو .. رێچکەی فرمێسکی هەڵئەبەستێ .. گەردون گریا لەتاو .. لەرقی ئەو خەزانە نەفرەت لێ کراوەی دەستی لەملی ئەو خونچە تازە پشکووتووە ئالاندو هەڵی وەزاند .. مێشك جەنجاڵو پەژارە .. پرسیار زۆرەو بەهەزارە .. ئایا راستە ئەو گیانە پاکەی تا دوێنێ لەژینابوو بەرەو ئاسمانی حەوتەم چوو ؟!.. ئایا ئەو گلێنە رونو سپیەی تادوێنێ وێنەی گەردوونەی ئەچنی .. ئەم قووتیدا ؟!.. ئایا ئەو بزە هەتاویەی سەر ئەو لێوانەی وەگوو گزنگ ژوورەکەمانی رۆشن ئەکردەوە بۆ کوێ وەکوو هوزارێکی خنجیلانە باڵی لێکداو هەلفری ؟!.. ئاخو خوێنو بلێسەی ئەو دڵەی کە لەگەڵ دڵی میللەتەکەی لە لێدانابوو لەکوێ بەخامۆش کپ بووبێ ؟!.. نا .. نا .. هەرگیز نابێت ئەو یادگارەی لەناخی دڵداهەڵکەندرا لەیاد بچێت .. یادگاری چوار ساڵ ژیانی زانستگا ..

بۆیە گیانە تاسەت ئەگەین .. لەخوێندنا .. لەنووسینا .. لەگەڕانا .. تاسەت ئەگەین .

ئەی گیانی جوانە مەرگ ئەوا تۆ نوقمی خەوێکی فریشتانە بووی .. ئێمەش بەناسۆرو ئازاری دەرونمان باوەشێك لەیادگارو ڕەوشتی بەرزت لەهۆش و بیرمان دڵدە ئەدەین .

هاوڕێی قوتابیت
عیزەدین رەژا

پێك هاتنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی چۆنێتی خوێندن لە زانستگاکانی وڵاتدا

وەزارەتی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی ، لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ لێکۆڵینەوەی جۆری خوێندن لە زانستگاکانی وڵاتدا ، وە بۆ دامەزراندنی خوێندنی ماجستێر لە بەش میژووی کۆلیجی ئادابی زانستگای موصل دا .

سەرچاوەیەکی ئاگادار دەربارەی ئەم باسە رای گەیاندووە کە ئەم لیژنەیە راپۆرتێکی دوورو درێژی دەربارەی خوێندن لە زانستگاکاندا ئەدات بە **ئەنجومەنی پەروەردەی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی ، لیژنەکە لە نووسینی راپۆرتەکەیدا پشت بەراپۆرتی عمیدی کۆلیجەکان ئەبەستێت ، کە دەربارەی جۆری خوێندن لەکۆلیجەکانیاندا دەینووسن .**

وەفدێکی زانستگای بصرە دیدەنی ئازربایجان ئەکات

بۆجێ بەجێ کردنی نەخشەی هاوکاری کردنی مەیانی رۆشنبیری وزانستی نیوان کۆماری عیراق و کۆمارە یەکگرتووە سوشیا لیستەکانی سۆڤیەت ، بەسەرۆکایەتی د. نزار الشاوی سەرۆکی زانستگای بصرە وەفدێك لەوڵاتەوە بۆ کۆماری ئازربایجانی سۆشیالیستی سۆڤیتی ئەچێت ، لەویش دیدەنی زانستگای (باکو) ئەکات .

جێ بەجێ کردنی پلەی یەکەمی پرۆژەی «تلکس»ی نیشتیمانی

وەزارەتی ریگەوبان (المواصلات) بڵاوی کردۆتەوە ، کە یەکەم پلەی پرۆژەی تلکس نیشتمانی لەمانگی حوزەیرانی داهاتوودا ئەخرێتە ئیش ئەم پرۆژەیە وەك پلەی یەکەم توانای مەیسەرکردنی ١٠٠خەتی هەیە ، چاوەڕوان ئەکرێت پلەی دووەمی ئەم پرۆژەیە ٢٥٠ خەتی هەبێت ، هەروەها مادەی زیاد کردنی ئەوەندە هەبێت کە بکاتە ١٠٠٠ خەت وردە وردە زیاتریش بکرێت .

هاوکاری کردنی بەرهەمی کارگەی شووشە دروست کردنی رومادی

ئەخشەی نووی بەرهەمهێنانی کۆمپانیای گشتی شوشە دروست کردن لەرومادی بابەخی داوە بە مەیسەر کردنی پێویستی وڵات لەو کەرەسانەی لە شووشە دروست ئەکرێن . هەروەها بەشێکی لەو بەرهەمە بۆ ناردنە دەرەوەی وڵات وەلاناوە .

کار بەدەستێکی کۆمپانیای گشتی شوشە دروست کردن لە رومادی رایگەیاندووە .. کە کۆمپانیای گشتی شوشە دروست کردن بەتەنگەوەیە کەرادەی شارەزایی کرێکارانی عیراقی لەو پیشە سازیەدا زیاد کات ، لەسەر ئەم رێو شوێنەو بەومەبەستە زۆر لەو کرێکارە زیرەکانەی کۆمپانیای شوشە دروست کردنمان ناردووە بۆ دەرەوەی وڵات تاکو پلەی شارەزاییان زیاد بێت و جێگای ئەو شارەزایانە پرکەنەوە کەلەدەرەوەی وڵاتەوە هێنراون .

کردنەوەی پرۆژەیەکی پیشەسازی

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژەیەکی نوێ کردۆتەوە بۆ دروست کردنی ١٨ مەڵبەندی پیشەسازی فیرکردن لە پارێزگاکانی وڵاتدا .

پرۆژەکە دوو ملیون و ٧٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، مەبەست لە کردنەوەی ئەم پرۆژەیەش ئامادەکردنی شارەزایانە بۆ پیشەسازی یە سەرەکیکان لەوڵاتدا .

ئەفسانەی تووتن

ئەگیرنەوە ، ژنێك ئەبێت ، ئەو زۆر ناشیرین ئەبێت ، ئەم ناشیرینەیەی ئەبێتەهوی ئەوەی بیاوان لێی دوورکەونەوەو خۆشیان نەوێت .. ژنەی داماو ئەم کارە ئەدات لەدڵی و رۆژ بەرۆژ زەردو لاواز ئەبێت و رۆژ بەرۆژ زیاتر وشك ئەبێتەوە هەتاوەکو پێستی بەسەر ئیسقا نەکانیدا ئەلکێت ..

لەئەنجامدا رۆژێك بەلادایت و ئەمرێت .. لەو دنیا ژنە داوای کۆ بوو نەوەی ئەنجوومەنی خواوەندان ئەکات .. ئەنجوومەنی خواوەندان کێ ئەبێتەوە خواوەندی هەرە گەورە رووی دەم ئەکاتە ئافرەتەکەو لێی ئەپرسێت .. بلێ بزانم چیت ئەوی ؟ ژنە ، دەم ئەکاتەوەو سکاڵایەکی گەرمی دوورو دریژی هەڵەرێژێت ، ئەڵێت لەودنیا پیاوان سزایان دام ، قسەی ناخۆش و تاڵو تفتیان ئەخستە پالم ، تەنیا هەر تەماشای رووی دەرەوەیان ئەکردم ، ماوەی ٦٠ ساڵ لەناویانا ژیام لە ناخۆشی بەولاوە لەدەستی پیاوان هیچی ترم دەست نەکەوت .

خواوەندی گەورەش ئەڵێت .. باشە زیندوت ئەکەینەوە ، بچۆرەوە ناویان ، ئەم جارە ئەوەندت جوان ئەکەین کەحەقی ئەوسات بۆ بکرێتەوە .

ژنە ئەڵێت .. نا ، نامەوی جوانم دروست بکەن ئەمەوی لە جوان زیاترم دروست بکەن وام دروست بکەن پیاوان نەتوانن لێم دوور کەونەوە ، ئەمەوی لە جوان زیاترم دروست بکەن وام دروست بکەن پیاوان نەتوانن لێم دوور کەونەوە ، ئەمەوی بەجۆری گیرودەم بن هەمیشە لە بەینی هەردوو لێویاندا بم .

خواوەندی گەورە پێی ئەڵێت .. باشە لە ئافرەتێکی جوان و لەجوانی زیاتر پیاو گیرۆدەی چی یە .. ئەتەوێت چۆنت دروست بکەین ؟ ژنەئەڵێت .. ئەمەوی لەشێوەی (نەبابێك)دا دروستم کەن ..!!

گشت خواوەندەکان بەسەر سورمانێکەوە ئەڵێن .. ئەبات !!؟ .. ژنەش ئەڵێت .. بەڵێ ئەبات ! ئەمەوی بمکەن بە (توتن) بۆئەوەی پیاوان فێری کێشانم بن و هەرگیز نەتوانن لێم دوور کەونەوە بەو جۆرە تۆڵەی خۆمیان لێ ئەکەمەوە .

Institut kurde de paris

هەڵبژاردە

مەحمود زامدار

گۆرانی (خەزالامن)

خەزالامن دەلالامن هایهێری سەد جار هێری
خەزالامن دەلالامن گەر بەرخاگرتن کیری
خەزالامن دەلالامن ئەزشفانو تۆ بێری
خەزالامن دەلالامن ئەزچبکەم تۆیا بمێری
خەزالامن دەلالامن کارێت خەزالا جووتن
خەزالامن دەلالامن خفشێت خەزالا جووتن
خەزالامن دەلالامن یی بسەرملا دادگوتن
خەزالامن دەلالامن مەخیال چاڤێت ئەی هووتن
خەزالامن دەلالامن هایهێری سەدجار هێری

× ×

گۆرانی (گوڵێ وەی نار)

گوڵێ وەی نار وەی نار وەی نارێ
گوڵێ کیژی جوانی زیبارێ
گوڵێ سێوی لەسێوی دارێ
گوڵێ وەێ بی وەێ بێ وەی بێیە
گوڵێ مردن عەمرێ عەمرێ خودێیە
گوڵێ مێوم لەمێوی ترێ
گوڵێ مارە کەلەبن دا وەرێ
گوڵێ ترسم یارکەم بگرێ
گوڵێ مێوم لە مێوی رەزی
گوڵێ ترسم یارکەم بگەزێ
گوڵێ وەی نار وەی نار وەی نارێ

گۆرانی (ئەستی)

هەی ئەستی ئەستی ئەستی
هەناری لەناو مستێ
دڕکەکی چویتە دەستی
بەدەرزیم کۆلیتەوە
خوێنی لێ راناوەستی
ئەو کچەم بۆیی خۆش دەوی
شەدەکەی شل دەبەستی

گۆرانی (مەشکەژەن)

مەشکەم دزی بەجارێ
لێی دەردینم تەغارێ
دەیدەم بەناسکە سوارێ
بۆبدا بەدەرزی و گوارێ

× ×

مەشکە بژی لە دۆڵێ
کابانی کوڕ لە کۆڵێ
کاکم هەلگرێ زەردۆڵێ
بۆخۆم دچم لە تۆڵێ

× ×

مەشکە سورە وانابێ
پیستەم لەبۆپڕ نابێ
گولەم لێ رازێ نابێ

× ×

بەوقورعانەی - دێ بوکرێ -
یارم چۆتە لەشکرێ
دستم مەشکە ناگرێ

× ×

گۆرانی (درۆینە)

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لەدڵم دەناری
پلکێ ئەو کیژەم بدێ دێمەکنت بەجوتیاری
کوڕم مەمنونت دەبم لۆم بکە بە حەراری
کوڕم مەمنونت دەبم باژۆ جاشی سێ ساری
بەرۆژ بمێرە جوتی ، بەشەو بمێرە پاری
چاوی داکم کۆرەبی ، پێت دەردێنی بەیاری
ئەو جوتیاریە هەردەکەم ، بەشەو بمێرە داری
حەقی مەزەم هەرئەتۆی ، یاری رەنج بەخەساری

× ×

گۆرانی (هەی مەندێ مەندێ مەندێ)

نێریە دەمەندێم دوونە
بەنوالاندا ، چوونە
ئی دەکوڕە هەندوونە
دراو لەسەر زوونە
هەی مەندێ مەندێ مەندێ
نێریە دەمەندێم سێنە
لەنوالەی دەحەسێنە
ئی دەکوڕە فەقێنە
دراو لەسەر پێنە

پروانە ل (٧)

یەزیدیەکان و ڕێژیمی چینایەتی

- خەلیل جندی -

-٢-

لە ژمارەی رابردودا ووتمان « **عباس العزاوی** » لە ساڵی ١٩٣٥ دا باسی یەزیدیەکانی کردووەو ئەیان کات بە حەوت چینەوە • « میر و « پسمیر » بە دوو چینی جیاواز زانیوە • وە « شێخ و « پیر »یش بەیەك چین داینناون، ئەمەش گەورەترین هەڵەیە ! وە لە دواییدا (کۆچەك)ی بەچینێکی تایبەتی و سەربەخۆ داناوە • سەرەڕای ڕوون کردنەوەی پێشومان کە ئەم (کۆچەکانە) بەشێکن لە چینی « مرید » کە بەژمارەی پەنجە ئەژمێردرێن !•

ئەم نووسەرە کاتێ کە « بابا شێخ » بە یەکێك لە بنەماڵەی « پسمیرەکان دائەنێ خۆی ئەخاتە هەڵەیەکی گەورەوە ئەمەش چاکترین بەڵگەیە دەربارەی ئەوەی ئەمانە بە باشی شارەزای ئایینی یەزیدی نین •

ڕاستی یەکەشی ئەوەیە « بابا شێخ » یەکێکە لەو بنەماڵانەی کەناومان نا « سەمسانی ،وە لەولاشەوە - پسمیرەکانی گێرایەوە بۆ بنەماڵەی «قانانی» مان ، ئەمە بێجگە لەوەی کە نابێت ئەم دوو بەشە ژن لەیەکتر بهێنن ! هەروەها مامۆستا « هاشم البناء ش ، لەکتێبەکەیا (الیزیدیون) چاپی یەکەم لاپەرە (٨٥) بەهەڵە - بابا شێخ -ی بە چینێکی تایبەتی داناوە • بەڵگەشمان لەوەدا ئەوەیە کە ئەم نووسەرە نازانێت جیاوازی نێوان وشەی - بابا شێخ - و (پسمیرا) چی یە •! هەر وشەیەك لەم دوو وشەیە مانای تایبەتی خۆی هەیە : (پسمیر) وشەیەکی لێك دراوەو کورت کراوەی وشەی (پسەر)ی فارسی یە بەواتای (کوڕ) دێت وشەی (میر) بەواتای سەرۆك یان مەزن دێت • وە وشەکە بەگشتی واتای (کوڕی میر) دەگەیەنێت •

بەڵام ئێستا چەمکی (پسمیر) فراوان بووەو بەو کەسانە دەوترێت کە لە بنەماڵەی میرەکانن و خۆ ئەگەر بەچەند پشتیش لێیان دوور کەوتبنەوە هەر بە (پسمیر) ناو ئەبرێن• ئەمە وەکو ئەوەیە بڵێین (پسمام) جا - پسمامی - ڕاستەقینە بێت یان کەسێکی تر بێت •

بەڵام بابا شێخ وەکو وتمان بەچینێك ناژمێردرێت ، بەڵکو پیاوێکی روحانی یە وە هەموو کاروباری ئایینی یەزیدی بەرێوە ئەبات و یەکێکە لەو بنەماڵانەی کە ناومان نا بنەماڵەی شەمسانی - هاشم البناء - هەر بەمە نەوەستاوە ، بەڵکو خۆی تووشی هەڵەیەکی تر کردووە کاتێ کە (ملائیەو کواچك)یش بەچین دائەنێ ، (عبدالرزاق الحسنی)یش تووشی هەمان هەڵە بووە لە کتێبەکەیا (الیزیدیون فی حاضرهم وماضیهم) لاپەرە (٩٠-٩٥) • (ملائیە) بەو شێخانە دەگوترێ کە لە بنەماڵەی شیخ حەسەنن ، واتە بەشێکن لەچینی شیخەکان • سەبارەت بە - کوچەکەکان - دەتوانین بەشێوەیەکی دڵنیایانە بڵێین کەبە چین ناژمێردرێن ، چونکە ئەمانە کەمن و بەژمارەی پەنجە ئەژمێردرێن وەمەرج نی یە - کوچەك - لەکام چین بێت • هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی لەچینی مریدەکانن • ئەم کوچەکانە رەوشت و سیفەتێکی سەیریان هەیەو وا لاف لێ ئەدەن کە گوایە ئاگایان لەنهێنی یەکانی غەیبی هەیە ، بەڵام چۆن و بەچی جۆرێك ئەم سیفەتە تایبەتی یەیان بۆ هاتووەو ماوەتەوە ، ئەمە تائێستا نەزانراوە • کاتی یەکێك لەیەزیدیەکان نەخۆش دەکەوێت یان تووشی کیشەیەك دەبێت ، دەرۆنەلای کوچەك تاکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە یان بزانێت هۆی ئەو رووداوەی توشی بووە چی یە •! ئینجا دێینە سەر هەڵەیەکی تری ئەم نووسەرانە ، ئەویش دانانی (قەوالەکان)ە بە چینێکی تایبەتی • ڕاستە ئەمانە ئیش و کاری تایبەتی ئایینیان هەیە ، ئەویش بریتی یە لە خوێنەنەوەی ئامۆژگاریەکانی شێخ عادی بۆ یەزیدیەکان • هەروەها وتنی قەول و قەسایدو مسحابەتی ئایینی بەسەریاندا ئەوەی شایانی باسە ئەم قەوالانە گشتیان لەچینی مریدەکانن وە لەکاتی خوێدا ئەمانە لەگەل شێخ عادی لەشامەوە هاتوون • لەمەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە نووسەرێك هاتووە هەڵەیەکی کردووە ئەوانی تر بە بێ لیکولینەوەو بێ ئەوەی بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە ، هەمان ڕێچکەیان گرتووە ! ئەوەی بیشوویان چۆن لەخۆیەوە شتی نووسیوە ئەوانی تریش هەر بەو جۆرە چاویان نوقاندووەو بەشوینی کەوتوون بێ ئەوەی لەبنچ و بناوانی شتەکە بکۆڵنەوە! واتا ئەگەر هەر مەسەلە مەسەلەی کتێبدانان بێت



جوار لاوی تر لەمیهرەجاندا

- ناظم دێبەند -

لەمیهرەجانی یەکەمی هونەری کوردیدا چاومان بەچەند هونەرمەندێکی بەتوانا کەوت کە بەردەوام لەسەر شانۆ خزمەتی هونەری کوردی ئەکەن ، بێ ئەوەی ساتێ لێی بێزار بن جا بەپیویستمان زانی چوار لاوی خوێن گەرم بدوێنین و رایان دەربارەی ئەو میهرەجانە هونەریە وەربگرین •

رووماڵکردە کاك یاسین بەرزنجەیی ئەندامی تیپی پەروەردەی سلێمانی و ئەو پرسیارەمان لێ کرد :

پ : چۆن میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی دێتە پێش چاوتان و چۆنی هەڵئەسەنگێنن؟

- لەوەڵامدا وتی : ئەم میهرەجانە بەسەرەتایەك دائەنرێ بۆ پێشکەوتنی هونەری ئەتەوەکەمان ئەم پێشکەوتنە وەك بڕینی مەزنترین قۆناغ بوو لەمێژووی هونەری شانۆگەری و گۆرانی و مۆسیقاو هونەری وێنەکێشان‌دا •• وەلە رووەیەکی ترەوە زوربەی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی عیراق و عەرەب و بێگانە توانیان بەرهەمی رەنگینی هونەرمەندەکانمان ببینن ، بۆ یەکەم جار هونەری کوردمان هەڵسەنگێنن و بزانن کە کورد خاوەنی بەهرەو توانایەکی پڕ ئەنجامە •





کاك سەلام قادر کۆیی ئەندامی تیپی هونەری هەوار •• لەرووی تێکەڵاوبوونی کچ و کوڕ بەشێوەیەکی گشتی لەو میهرەجانەدا کە یەکەم جار بوو بەو جۆرەی وتی :

- ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ، بۆیە ئەبێ لەگشت چالاکی و بزوتنەوەی هونەری و هەموو کارێکی سووبەخشیش‌دا شان بەشانی پیاو بەشداری بکەن وە ئافرەت دەوری سەرەکی ئەبینێ لە گۆڕانی کۆمەڵدا • بەڵام بەداخەوە ئافرەت لەنێو میللەتی ئێمەدا تا ئیستاش چەوساوەو دوورەپەرێزو بەتەواوی سەربەست نیە •• بۆ بەستنی ئەم میهرەجانە لەشارەکانی کوردستان‌دا ئاراده‌یەك کچان توانیان بەشداری یەکی چالاکانە بکەن و چەند هەنگاوێك بێنە پێشەوە •• وە ئەوەی راستی بێ خوشکانمان تواناو بەهرەیەکی تەواویان تیا بەدی ئەکرێ

وەکاك سەلام فەرەج ئەندامی تیپی پەروەردەی سلێمانی دەربارەی ئەوەی بۆچی دامەزراندنی یەکیەتی هونەرمەندانی کورد لە رۆژانی میهرەجان پێشنیازنەکرا وتی :

- دەمێکە هونەرمەندی کورد خەو بەو یەکیەتی یەوە ئەبینێ و ئاوات و ئامانجیەتی ، هونەرمەندانی کوردبیریان لەوە کردۆتەوە کەوا پیویستە خۆیان لە یەکیەتیەکی وادا کۆبکەنەوە •

بەڵام سەبارەت دەربڕینی ئەو پێشنیازە لەمیهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی‌دا پیویست بەلیکولینەوەیەکی فراوان ئەکات ، دەربارەی باری ئەمرۆی هونەری کوردی بەگشتی وەباری تایبەتی میهرەجانەکە چونکە دورنی یە کە ئەم پێش‌نیازە بەسترابێت بەیەکێ لەم بارانەوە ، یاخود ئامادەکردن بۆ میهرەجانەکە بەجۆرێکی کتوپری دورنیە دەوری لەمەدا هەبێت •

بۆ پێشنیازکردن دەربارەی جێگەو شوێنی هونەری کاك جەلال ئەحمەد ئەندامی تیپی هونەری هەولێر وتی :

- پیشنیازی من وەکو ئەکتەرێکی سەرشانۆ چەند شتیکەکە ئەبوایە بهاتایەدی بەهۆی میهرەجانەوە •• لەوانەش کردنەوەو دەست کردنی شانۆیەکی تەواو لە سلێمانی و دهۆك و کەرکوك و کۆیەو چاك کردنەوەی شانۆیەکەی هەولێر بەباشترین شێوە •• کردنەوەی پەیمانگای هونەری لەیەکێك لە شارەکانی کوردستان‌دا •• کرین و بەخشینی ئالەتی موسیقا بۆ تیپ و کۆمەڵە هونەریەی کوردستانیەکان • بەڵام هەر چۆنی بێ من ئەم چەند رۆژەی میهرەجانەکە بە یادگارێکی بیرۆزو مەزن ئەزانم لە کاروانی خەباتی هونەری کوردیمان‌دا وە هیوادارم میهرەجان کلپەی ئاسۆی پێشکەوتنی هونەریمان بەتین بکات و تا ئەگەینە ریزی گەلانی پێشکەوتوی دنیا •

ئەرەنگی ناودارەکانی جیهان

محمد توفیق وردی

ئەنیشتاین

کردوویە بە کوردی

ئەلبێرت ئەنیشتاین زانایەکی بەناوبانگی ئەلەمانیایە لە ساڵی ١٨٧٩دا لەدایك بووە، لەرەگەزداجولەکەیە • خوێندنی لەڕشتەی ماتماتیك لەشاری زیۆریخ تەواوکردوە • لەدواییدا ئیشێکی لە دەزگایەکی دەوڵەتی سویسرادەستکەوتوە ••• ڕۆژێك لەڕۆژان لەناکاو نوسینێکی بەنرخی بڵاوکردەوەو ناوبانگی دەرکرد •

لەمەوە بوو بە مامۆستای زانستگای زیۆریخ و ئنجابوو بە مامۆستای زانستگای بەرلین •دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهان دەستی کرد بەپروپاگەندەبڵاوکردنەوە دژی شەڕو شەر هەڵگیرسێنەران ••• ئەنیشتاین دوای ئەوەی تیوری ڕێلە- تیفیتیزم - النسبیە -ی بڵاوکردەوە لەسەرانسەری کۆرە زانستی یەکانی دنیادا ناوبانگی بڵاوبۆوە • جگەلەمەش ئەنیشتاین چەندین بەرهەمولێکۆڵینەوەی تری هەیە • لە ساڵی ١٩٥٥دا دڵی ئەو بلیمەتەلەلێدان کەوتو مرد •

ئاپێکت

لەسەردەمی قەڕاڵی رۆم(مارك ئورل)دا ژیاوە •کتێبێکی لەپاش بەجێماوە بەناوی (نامە)کەبیروباوەڕی خۆیو هەندێ پەندی تێدا نووسیوە •

لەوکاتەدا کە قەڕاڵ(مینیسین) هەموو فەیلەسووفەکانی دەربەدەرکردو لەوڵاتدووری‌خستنەوە ئەویش وڵاتی بەجێ هێشت لەساڵی (٩٠)ی‌زایینی چوو بۆ (نیکۆپولیس) لەوێدا قوتابخانەیەکی کردەوە •بەبیروباوەڕی ئاپێکت پیویستە نازادی و سەربەستی خەلك زامن بکرێت • لەو بارەیەوە دەڵێت : (مرۆڤ بەهێزو تواناو خواستەوەدەتوانێ هەموو کۆت و زنجیرو کەلەبچەی زۆرداران بشکێنێ و بەسەر سروشت‌دا زاڵ ببێ » !

ئەدیسۆن

لەساڵی ١٨٤٧ لەشاری(میلان) لەدایك بووە لە دواییدا لەگەل باوکی رووی کردۆتەشاری (مەشیگان) • لەسەرەتاوە کاری پەیامنێری لەرۆژنامەکان‌هەڵبژاردو لەدواییدا خۆی رۆژنامەیەکی بەناوی خۆیەوەدەرکرد •

ئەدیسۆن هەر لەمندالی‌یەوەحەزی لەتاقی کردنەوەو لیکۆڵینەوەی زانستی دەکرد •هێزی ئەلەکتریك یەگجار سەرنجی راکێشابوو • لەساڵی١٨٧٦دا هەر لەماڵی خۆی کارگەیەکی تاقی کەردنەوەی‌دروست کرد • زۆری نەخایاند توانی (فوتۆگراف)و(میکرۆفۆن) دروست بکا • بەڵام گرینگترین داهێنانی ئەدیسۆن گلۆپە •

ئەو زانایە گوێ‌گران بووەدووجار ژنی هێناوەو پێنج منداڵی لەپاش بەجێماوە •

لەتەمەنی هەشتاو چوارساڵی‌دا مرد • پاش ئەوە خزمەتێکی مەزنی بەمرۆڤایەتی‌کرد کەهەرگیز لەبیر ناچێتەوە •

ئاراتوستن

لەساڵی ٢٨٤ پێش لەدایك بوونی عیسا هاتۆتە دنیاوە • مامۆستای کورەکەی بەتلیموسی‌سێ‌یەم بووە دەتوانین ئەو بلیمەتە بە : ئەدیبو نووسەروفەیلەسووفو ئەستێرەناسو ماتماتیك‌زان‌و زمان زانێکی‌گەورە دابنێین ئەوانەی کە هاوچەرخی بوون ناویان نابووئەفلاتوونی دووەم • (ئاراتوستن) کە دەستی‌کردوە بەئەندازەگرتنی زەمین ، چوار دەوری زەمینی بە (٢٣٩٣٧٥)کیلومەتر داناوە • (ئاراتوستن) بەپیری کویربوو ، لەبەر ئەوەی‌زانی کە چاری کوێریەکەی ناکرێ لەساڵی (١٩٢)ی پێش‌زایینی خۆی کوشت ، ٢١٣٠ ساڵ پاش‌مردنی ئەو بلیمەتەشانازی‌دۆزینەوەکانی ماتماتیکی ئەو بەیادگار بۆئەستێرەناسێکی ئەمەریکایی بەناوی (کامپیل) بەجێما •

ئەرستۆ

لەساڵی ٣٨٤ی زایین‌لەشاری‌ئاستاژیر لەدایك بووە • لەتەمەنی هەژدە ساڵی‌دالەئەکادیمی زانستدا قبول‌کرا• (ئەرستۆ) وای دەزانین کەئەفلاتوون لەجێگەی خۆی دایدەنێت ، بەڵام ئەوەی نەکردوپاش‌مردنی (ئاسپوسیب)ی کردە جێ‌نشینی خۆی• ئەرستۆلەمە دڵگیربوو • لەساڵی٣٤٣دا چوەئاسیای‌بچووك‌و پێ‌گەیاندنی‌کوڕی پادشای (مەقدوونی) گرتە ئەستوی خۆی • ئەرستۆبۆ رقەبەری کردن لە گەڵ قوتابخانەی (ئەفلاتوون)داقوتابخانەیەکی لەنزیك ئاپون لیسین بەناوی (لیسە)وەکردەوە •

ئەرستۆ لەو قوتابخانەیەدادەستی‌کرد بە فێرکردنی قوتابیەکانی •

ئەرستۆ پیاویکی قەڵەووگۆشتن بوو، ورگێکی زلی هەبوو سەری رووتاوە بوو • پاك‌ریشی دەتاشی‌و نەیدەهێشت درێژببێ • دەڵێن یەك جارئافرەتی جوانی خۆش دەویست ئەرستۆ بریارێکی گرینگی‌دائەویش ئەوەبوو : لەو زانستو هونەرو فەلسەفەو بیروباوەڕی‌فەیلەسووفەکانی پێش خۆی شتێکی ریك‌وپێك مرۆڤدەربهێنی ، بۆ ئەو ئامانجەش شاگردەکانی خۆی کرد بەچەندەدەستەیەك لەسەر هەر تاقمێ لەوانە پیویست بوو ، کەلەبەشێکی داندراو لەزانستی ئادەمیزاد بکۆڵنەوە ، بەوهۆیەوە بەهۆی شاگردەکانی ئەرەستۆ ئینسکلۆپیدیایەکی‌مەزن پێك هات کەناو نرا (ئۆرگانۆن) •

(لئون روبن) لەبارەی‌ئەرستۆ وتویە : « لەوانەیە گەلێ لە نووسینەکانی ئەرستۆهی ئەونەبێتو تەنیا لەناو قوتابخانەی ئەودا لێوەی‌کولاببێتەوە » •

ئەرستۆ بەپیچەوانەی

بڕوانە ل (٧)

institut kurde de paris

میژووی «ماد»

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
برهان قانع لەفارسیەوە کردویە بە کوردی

-٩-

نووسەرێکی تری یۆنانی کەلە بارەی دەولەتی مادەوە شتی نووسیوە (کزنفون)ە ، کە بە تەواوی لە نووسەرەکانی تر راستگۆ ترە ، زانایەکی ئیدیئالی و پیاوێکی سیاسی خاوەن ڕێزو قوتابی سوقرات وهاوڕێی ئەفلاتوون بووە ، لە هەمان کاتا یەکێك بووە لەمامۆستایانی وێژەو گفتوگۆی یۆنان . گرنگتر لە هەموونووسینە میژوویی و نیوە میژوویەکانی میژووی یۆنانە (هلنیکا) کە دوابەدوای کتیبەکەی (فوکیدید) میژوو نووسی گەورە باس ئەکرێ . یەکێ تریان (لەشکرکەشی دە هەزار یۆنانی) « ئانا بازیس »ە کە باسی لەشکر کەشی سەربازە کرێگرتە یۆنانیەکان ئەکات کەبە هاوکاری کورشی بچوك دژی ئاردەشیری دووەم تاکو بابل ،وە پاشەکشەیان لەبابل تا دەریای رەش لە دوای مردنی کورش باس ئەکات . تەو نووسینانەی کە لە (کزنفون)بەجێماوونو بە مەسەلەکەی ئێمە نزیکترەکتیبی (پەروەردەی کورشی گەورە)یە .

سیرو پدی- کورش نامە - یە . ئەم کتێبە داستانێکی ڕەووشتی یەبە شێوەی میژووی کورشی نووسراوە، بەسەرهاتی پادشای بارسە وە بە تایبەتی لە سالەکانی لاویا ، کە لەو کاتەداکە یەکی لە دۆستە نزیکەکانی پادشایانی . ماد بووە ،ئەگێڕێتەوە .

لەوانەیە (کورش نامە) کەنووسەری لیهاتوو شارەزای دەرکەوتو نووسیویەتی لەبارەی میژووی کۆتایی سەلتەنەتی مادەوەسەرچاوەیەکی بێوینە بوایە - بەلام بە مەرجێك کە ئێمە - هەروەکوچۆن بە وردی سەرنجی تەواوی نووسینەکانی (کزنفون)ئەدەین کە لە (هوردو کەشی دە هەزار کەسیدا) باسی کردوەو باوەڕی پێ ئەکەین ، هەروەها بتوانین ئەوونووسینانەی لە (کورش نامە)دا نووسیویە باوەڕی پێ بکەین .

بەلام داخەکەم (کورش نامە)میژوو نیەو داستانە . وە ئایا ئەوانەی وەکو بەسەرهاتی میژوویی تیا نووسراوە چۆن ئەتوانین راستیو ئەفسانەی لەیەك جیا بکەینەوە ، کە پەیوەندن بە دیشوار ترین بەشەکانی سەرچاوە شوناسی سەردەمی کۆنەوە .

بۆ ئەوەی لە باسەکە تێبگەین پیویستە کە سایەتی « کسنفونت » (کزنفون) وەکونووسەرێکی خاوەن بیرو لیهاتوو پیاوێکی سیاسی بدەینە بەرسەرنجو لێی ورد بینەوە .

(کزنفون) خەلکی ئاتن بو،لە دەوروبەری سالی ٤٣٠ پێش زاینی لە بنەمالەیەکی شێوەخانەدان هاتۆتە دنیاوە ، لە لاویا بە هاوکاری ئەفلاتون بوو بە قوتابی سوقرات فەیلەسوفی ئایدیالیست ، لەکێشەی سیاسیدا لایەنگری کۆمەلی پیاوگەورانی ئاسپارت بووە ، لەو سالانەدا کە دیموکرات خوازەکان لەگەل ئاسپارتدا شەریان ئەکرد ئەو هەستی بە ناخۆشی ئەکرد لەدەرونیا . هەروەها بە بیانوی سیاسەتەوە لە سالی ٤٠١ پێش زاینیدا لە دوای تێکشکانی یەکجارەکی - کەلە سالی ٤٠٤ پێش زاینی - ئاسپارت هاتنە ئاتنەوە ، ئەوناچار بوو ئاتن بەجێ بێلێ .وە بە هۆی یەکێ لە هاوڕێکانی خۆیەوە چوو بۆ دەرباری کورشی بچوك شازادەی ئێرانیو - مەنمون - برای ئاردەشیری دووەم . کورش لەو کاتەدا ساترایی ئاسیای بچوك بوو وە لە ژێرەوەخەریکی لەشکر کۆکردنەوە بوو بۆ شەڕ کردن لەگەل پادشادا. ئەو تیکەل بە کۆمەلێك لە ناودارەکانی ئیران بوو ، وەهەستانو دانیشتنی ریژیمی هەخامەنشیەکانیان بەچاوی خۆیان ئەبینی وە زۆر هەولی ئەدا چارەسەری گیروگرفتەکانی ناو ریژیمەکە بکات .

(کزنفون) بەشداری ئەولەشکرکەشیەی کرد کە کورشی بچوك لە سالی ٤٠١ پێش زاینی کردیە سەر ئاردە شیری دووەم . کە کورش لە شەڕی (کوناکس) لە بابل کوژراو لەشکرەکەی پەردەوازە بووفەرماندە یۆنانیەکان ئێرانیەکانیان ئەگرتو ئەیان کوشتن،سەربازە بەکرێ گیراوە یۆنانیەکان بە هەزاران کیلۆمەتر لەدوری وڵاتەوە لە کیشوەرێکی نەناسو دوژمنداتەنیا کەوتن . (کزنفون) بوو بە رابەری کشانەوەیان یۆنانیەکان سەرکەوتن ، وەکو کوێر وردە وردە لە ئاسیای نزیكو ئاشورو ئەرمەنستانەوە توانیان خۆیان بگەیەننەکەناری دەریای رەش . وە نزیکەی نیوەیان دوای چونە ناولەشکری (ئاگسیلا)ی پادشای ئاسپارت ، کە لەو کاتەدالە رۆژ ئاوای ئاسیای بچوك لەگەل ئێرانیەکانا لەشەڕدابوون . (کزنفون)یش چووە ژێر فەرمانی ئاگسیلاوە ، لەئاتن ئەمەیان بە خیانەت ناو ئەبرد ، وە کزنفون لە مافی هاونیشتمانی ئاتن بێ بەش بوو لەو شارە دەرکرا ، دوای ئەوە کزنفون لەلای ئاسپارت مایەوە تەنانەت دژی وڵاتی پێشینی خۆی شەڕی ئەکرد ، لە دەوروبەری سالی ٣٨٠ی پێش زاینی دەولەتی ئاسپارت هەندی مولکیان پیداو ئیتر بە ئاسودەگی ئەژیاو دەستی کرد بە نووسین (٥٥).

نووسینەکانی ئەو ئەگەرلە (ئانا بازیس) هوردو کەشی دە هەزار کەسی و (میژووی یونان) گوزەر بکەین رووالەتێکی فەلسەفی ورەووشتی هەبو (٥٦) ، وە لە بارەی پەندی سوقراتو ورەووشتی پیاوە ناودارەکانی ئاسپارتەوە بو . کتێبی (کورش نامە) دیسان زۆرتر بە باسە فەلسەفیەکانی نزیك

بروانە ل ٧

ئاوڕێك لە رابوردوو

ئەحمەد موختار بەگی جاف

م.ن

ناوچەی هەلەبجە .. وەك ناوچە جوانو دلگیرەکانی موکریانو کۆیەو سلیمانی .. سەردەمی خۆیو هەمیشە سەرچاوەی ئەو هەستە تەپو ناسکو روناکانە بوە کە باخچەی ئەدەبی (کوردی) پێ ئاودراوەو گەلێ خونچەی نایابی تێداپشکوتن کە تا ئەمڕۆش بۆنو بەرامەی خۆشیو سەرمەستی ولاتی کوردستانی گرتۆتەوەو نامرێو تەنانەت زۆر بە شانازیەوە لە گەنجینەی سامانی نەتەوەیی‌ماندا پلەیەکی ڕێزو بەنرخیان هەیە . (ئەحمەد موختار بەگی جاف وەك مەولەوی‌و پێسارانی‌و تایەر بەگو ناری) پەروەردەی ئەو زەمینە جوانیەیە کە بە درێژایی تەمەنی ئەو ناوچەیە بویەتیو هەیە . بەلام (ئەحمەد بەگ) وەك شاعیرەکانی پێشوو دەوروپشتی ناوچەی هەلەبجەی ئەو سەردەمە ئەگەرچی لە سەرەتاوە شێوەی ریبازی کۆنی گرتو کەوتە شوین جوانی سروشتو ئافرەتو خۆی‌لەری‌دا ئەکردنەخاك بەلام زوو لە ڕێ لای داو هۆشی هاتەوە بەخۆی داو وتی :

شاعیرانی کورد بەسە بەس‌باسی زولفو چاو بکەن
کەم خەیالی پەرچەم و کاکۆلی ئالۆز و بکەن
لادە عاشق تۆ لە باسی عەشق بازی سەیر بکە
چۆن خەریکن چەند کەسێ ئیستا وەتەن ویران ئەکەن

هات ئەو قەلەمەی گرت بەدەستەوە کە (حاجی قادری کۆیی) پێی ئەنوسیو دەستی‌کرد بە نوسینی‌ئەو شیعرانەی کە هەمیشە شۆرشێکە بەرامبەر .. مل کەچ کردنو دیلیتیو نەزانین .

دێتە گویم دەنگێ بەسۆزی شیوەنو گریانەوە
نالەیی دلمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە

* * *

لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەمو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزلو هونەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆدیفاعی تێغی دوژمنتان
هەمو ئانو سەعاتێ عەینی قەلفانو سوپەرتانە

هەر ئەم هەستە پیرۆزە ڕووناکەش بوو کە تارادەیەك پاڵی پێوە بنێتو بەشداری بیری ئازاد بونی کوردستان بکات بە نوسینو شیعرو جار جار تێکەلاو بونی کاروانی سەربەستی .. ئەگەرچی ئەم کردەوانەی گەلێك زیانی گەورە گەورەی لێ دا .

بەلام بەم شیعری دا :

جەژنی قوربان سالی جارێ خەنکی قوربانی ئەکەن
بۆ وەتەن من رۆژی سەدجار رۆحی خۆم قوربان ئەکەم

وا دەر ئەکەوی هیچ دەربەست ئەو ناخۆشیو مەینەتیە نەبوە کە لە ریگای نیشتمانو سەربەستیدا توشی بوەو پشتی کردۆتە هەمو ئەوانەی کە ئەو ریگە پیرۆزەیان لێ گرتوە وەك لەم شیعرە نازدارە میژوییەدا کە لە ئەشکەوتی جاسەنەوە بۆ (شیخ مەحمودی نەمری) ناردوە :

صەبا عەرزی خلوصیو بەندەگیمو هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەتی شاهی محیطی گشت سلیمانی
لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نیە (موختار)
بەکاری هیچ نەهاتن دۆستەکانی خزمو خویشانی

ئەحمەد موختار :. وەك شاعیرو نیشتمان پەروەر بوە .. زۆر بە دلنیاییەوە ئەلێم کە (سیاسی) و دوربینیو لێ هاتوو بووە..لە کاتێکدا کە ئینگلیزەکان خەریکی ئەوەبون گیروگرفتی (ولایەتی موصل) بە هەموو رەنگێك تەواو بکەن بە قازانجی خۆیان وهەرجارە بە ناوێکەوە دەستی شۆرشی کوردو (شیخ مەحمودی نەمر) یان ئەبڕی لە (عصبة الامم)دا .. موختار تا توانای هەبو دەنگی هەلبڕی :

ئەو قەراری عوصبەیەی وا خەلك ئەلێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی روتەو قسەش ناچێتە نار گیرفانەوە

بەلام ئەگەر سەرنجێك لە شیعرە دلداریەکانیشی بدەین بۆمان دەر ئەکەوێ کی توانایەکی باشی بوە لە دارشتنو مانای شیعری تەپو پاراویدا .

بە خوا شیشەی دڵم دایم لەبادەی عەشقی تۆ کەیلە
لە داخی سەروی بالات ئەشکی چاوم هەروەکو سەیلە
محقق دڕکو دالی دەشتی(بەکراوایە) گوڵنازم
کە چونکە چنگەیی نازو غەرامی حەزرەتی لەیلە

ئەمەش پارچە شیعرێکی دلداریە :

زاهد وەرە ناو بەزمی حەریفانی خەرابات
لادە لە ریاو سەرزەنشی پووچو خەرافات
یەك جورعە بنۆشە لە مەیی بێ غەشی گوڵ رەنگ
هەرگیز مەکە .. تۆ بە پڕوپوچانە موبالات

بروانە ل (٧)

بۆ محەمەد رەشیدی جوانەمەرگ

ئیلاهی گەردنی گەردوون شەوەد خورد
کە فەرزەندی جیهان‌راجوملەگی بورد
کەسێ نایە فلانی زینەدەوابی
هەمە گۆیەند فلان ئیبن‌ول‌فلان مورد

کاکە محمد گیان : سلاولە گیانی پاکت

هەواڵی مردنم بیستیت لاشەی پیرۆزتم دی ، لەگەل ئەوەشا بڕوام نەکردو ناشمەوێ بڕوا بکەم ، تۆ بلێی : شتێکم لێ نەقەومابێ ، نازانم ! - تا ئێستا -چ رازێك لە نێوان مەرگو ژیانا خول ئەخواو مێشکی خۆشەویستان ئەکرۆژێ .. منی دڵشکاو .. لە چلەی زستانی بەهارێکی خەمگینا ، قەلەم هەلئەگرم. مالاواییت لێ بکەم ، بەلام چی بنوسمو چۆن مالاواییت لێ بکەم .. بڕوا کردن بە نەمانی تۆ شتێکی ئەوەندە ئاسان..حەپەسانە ، ئەندێشەیەکی جگەربڕە .

سالانی رابردو ، کە سال‌تەواو ئەبو ، بە پێکەنینو چاو ماچ کردنو نیازەوە ، خواحافیزیمان ئەکرد .. ئەمسال لە جیاتی روخۆشیو ماچو نیازخامۆشیو بێدەنگیو گریانی ووشك .. سبەینێی رۆژی یەکشەمە رەشەکە .. لە باتی (رۆژ باش)ت ئێمە بەلە سەرتەختەی خوێندنو تۆیش لەنێو تابووت .. ئێمە براوخوشکانت ، مامۆستایانت بە واق وڕماوی لە دەوری لاشە پیرۆزەکەت .. تۆیش لەنێو هەمێزی مەرگی ناوەختا ..

ئای ! کاکە محمد گیان ،کە جار جارە ئەتووت : (بە مەینەت مەست بوە کەللەم ، چ‌موحتاجم بە جامی مەی) دڵم دا ئەخورپاو نەمئەزانی بۆ ..!کێ ئەیوت تۆ بیر لە مردن ئەکەیتەوە ..

کاکە محمد : بە خوات‌ئەسپێرم تا ئەو رۆژەی ئەبین بە میوانت .

برای دڵشکاوت
(فازل ئەرکەوازی)

پۆستەی خوێنەران



دەمەتەقێی ئەمجارەمان لە زەمینەیەکی شاعیرانەوە سەری هەلداوە چونکە بەشی زۆری وەلامەکانمان وەلامی شیعرو شاعیرەکانە .

● **کاك سەرسام ئاوارە :**

نوسیوتە (وشە سەربڕاوەکان ئەخۆمەوە) پیم وایە وشە سەر نابڕێ ، ئەگەر سەریش بڕا ناخورێتەوە ، ئەگەر بش خورێتەوە وابزانم ئەم کردارە چارەسەری هیچ گیرو گرفتیکی کۆمەلایەتی ناکاتو هیچ هەستێك نابزوێنێ . لەم دێڕە شیعرەش تێ نەگەیشتین کە ئەلێ :

(ریبوارەکان ریگا خنکاوەکان ئەسووتێنن)

لەبەر ئەم هۆیانە بلاومان نەکردنەوە تکایە ببورن .

● **کاك کاکەزیاد قادر لادێیی :**

ئەمەندەمان لە شیعرەکەت هەلبژارد :

بۆیەکەم جار
لە خۆم پرسی ، تۆ چی مرۆڤ ؟
بەلێ تاسام
وشەکانم لە لێواری مێشکی
سووتاووم ئەچەقاند
مۆمم لەژێری بێگەردی
لاویم سوتاند

● **کاك شادمان :**

چیروکی (بەفرەسووتاوەکان) تا ئەگاتە ئەو شوێنەی فەلاحەکان لەسەر کێلگەکان یەکانگیر ئەبن لەروی ڕیزمانو هونەری چیروکەوە کەموکورتی زورە ، ئەگەر دەسکاریمان بکردایە وەك سنور شکاندنێك وا ئەبوو .

● **بە بی ناوونیشان :**

نامەیەکو نووسراویکمان بۆ هاتووە لەسەر هەردو دیوی قاقەزەکەش نووسراوە .. ئینجا خزمینە نووسراوێك بە بێ ناوونیشان بێتو لەسەر هەردو دیوی قاقەزەکەش نووسرابێو باسی (.....!) بکات تو خوا ئەبێ گلەییمان لێ بکەن ئەگەر بلاو نەکرێتەوە ؟

● **کاکە سەردار :**

هەی بێ قەزابیت ئێستەوەختی ئەو جۆرە نووسینەیە !.. هەرچەند ئێمە ڕێبواری ئەو ریگایەین کە بۆ شار ئەچێ بەلام ئەبوا بەر لەوە نووسینەکەت بنووسی نەختیکی تر بیرت بکردایەتەوە یان لەدوای نووسینەکەت بەوردی بت خوێندایەتەوەو لەگەل باری رۆژنامەگەری ئەمڕۆدا بەراوردت بکردایە پیم وایە گلەییمان نەیەتە سەر ئەگەر بلاوی نەکەینەوە .

● **کاك هوشمەند :**

نووسیوتە ئەمەوێ ببم بە شاعیرو لەوە ئەترسم شیعرەکانم بلاو نەکەنەوە .. برای بەرێز ! جەنابت هۆشمەندی ئەبێ ئەوە بزانی ئەگەر شیعرەکەشت بلاو نەکرێتەوە لە پۆستەی خوێنەرانا وەلامت هەر ئەدرێتەوە .. دیسان ئەمەش بووارێکە پێویستە بۆ تاقی‌کردنەوە لێی بپەڕێتەوە .. ئەی نەت بیستووە پێشینان وتوویانە

بروانە ل (٧)

پەروەردە کردنی پەلەوەر

عبدالله بەرزنجەیی

قەوارەی لەشی مریشکو پەیوەندی بە جۆری بەرهەم هێنانیەوە

ئامانجمان لە لێکۆلینەوەی پەیوەندی نێوان قەوارەی گیانی پەلەوەرو بەرهەم هێنانی . ئەتوانین پشت ببەستین بە قەوارەی لەشو روی دەرەوەی ، ئەوساکە ئەتوانین بەشێوەیەکی راست بریار بدەین کە ئەو مریشکە هێلکە کەرە یان نا ؟ ئایا لەم کاتەیا هێلکە ئەکا یان لە هێلکە ئەچێتەوە ؟ یان لەمە بەدواوە هێلکە ئەکا ؟

لەسەر شیوەی قەوارەی گیانی مریشکەکە ئەتوانین مریشکی هێلکە کەرو گوشت یان گوشتو هێلکە لەیەك جیا بکەینەوە .

● پەلەوەری هێلکەکەر لەرو بچوکە لەشی دریژەو لەرو بچوکە لەشی دریژەو سەری بچوکەو پەرەکانی ئایا مریشکەکە هێلکە زۆر ئەکا یان هێلکە کەم ئەکا ؟.

زورەو نەرمە بالەکانیشی نەختی دریژە . پشتی راستو توزێك دریژ ئەبێتەوە ، سنگی نەختی بۆ پێشەوە بەرز ئەبێتەوە سکیشی گەورەو ئەستورو فرەوانە پێیەکانیشی باریکەو گورجو گوڵیشە چاوی تیژو گەورە ترە ، لەکاتی کەمو کوری کردن لە خواردنو بەریوەبردنی زو هەستی پێ ئەکاو ئەیکا بە هەراو ئەقراسکێنێ ...

● بەلام پەلەوەری گۆشت لەشی گەورەیەو سنگی پانو چالە پەرەکانی بەسەر یەکەوەیەو سەری گەورەیەو پشتی پانو راستەو سنگی پانەو پێیەکانی ئەستورە ، هەروەها ئەو جورە مریشکە تەمەلەو لە رویشتناسستە .

● بەلام مریشکی هێلکەوگوشت پشتاو پشت هێلکە ئەکەن هەروەك مریشکی (نیوهامشایر) یان هی بەرەو گوشت وەك (ساسیکسو وپلیموث و روك) .

أ - مریشکی هیلکەوگوشت .
ب - مریشکی هێلکە .
ج - مریشکی گوشت .

نەخۆشیەکانی مریشك :

لەوڵاتی ئیمەدا نەخوشی مریشك بۆتە هویەکی سەرەکیو گەورە لەپێش پەرەپیدانی بەرهەمی مریشك . هەموو ساڵیك ئەو خانووانە (حقول) کە مریشکی تیا پەروەردە ئەکریت زەرەریکی زوریان لی ئەکەویت بەهۆی بلاو بونەوەی ئەو نەخوشیە جور بەجورانەوەکە مریشك توشیان ئەبیت . وەك (نیوکاسلو زك‌چونو رقنەسپیکەو کوکسید یوسو لیکوسیز)و زۆری تر ، بۆ ئەوەی دلنیابین لە بەرێوەبردنی خانۆی مریشك و سەرکەوین

بروانە ل (٧)



وێنەی گیانی مریشك لەروی بەرهەم هێنانی جور بەجوردا .

institut kurde de paris



رۆژی پنج شەمەی رابوردو (سێ پاڵەوانی بە جەرگ) ئەحمەد شیخ مەحمود ، یاسین موسی فزاع الموزانی ، منیر المغربی .

(عائدە عیسی) .

٣ - ئەو فیدایییانەی بریندارن و لە بەندیخانەکانی دوژمنداں بەرەتلا بکرین .

٤ - ئەمانە هەمویان دەمو-دەس بنەردرین بۆ وڵاتێکی عەرەبی نزیك .

بەڵام کاربەدەستانی سەهیونی لە جیاتی ئەوەی بە دەنگیانەوە بچن و داخوازیە-کەیان بێننە دی بە سەربازو پولیسەوە گەمارۆی خانوەکەیان داو ویستیان بیان خلاڤێنن .. ئەمانیش مەردانەو شۆڕ-شیگرانە ئەو تەقەمەنیانەی پێیان بوو خستیانە کارو بە خۆیان و بە دانیشتوانی ناو خانوەکەوە دنیایان بەجێ هێشت .. ئەم کارە کاربە-دەستانی سەهیونی وا شێرزە کرد کە موشی دایان واز لە کوبونەوەی ئەنجومەنە وەزیرانەکەی بینێت و بە پەلە پرۆزکە خۆی بگەیەنیتە شوێنی رودداوەکە ، بەڵام لەپاش چی ؟ تازە فیدایییەکان دەستی خۆیان وەشاندو ناوی خۆیان لە میژووی قارەمانەتیا تۆمار کرد .

بەیاننامەیەکی سەهیونیەکان ئەڵێ :

١٨ سەهیونی کوژراوەو ١٨ ی تریش بریندار بوون وە هێزێکی تری فیدایییەکان لەگەڵ کاربەدەستانی پۆلیسی سەهیونیەکانا کەوتنە شەڕەوەی سەریان لێ شێواندبوون .

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی ئەم شەهیدانەو هەمو شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی گەلان بێت .

لە راستەوە بۆ چەپ

ئەحمەد شیخ مەحمود ، منیر المغربی ، یاسین موسی فزاع الموزانی

پاشماوەی : میژووی ماد

بوو .

(ای . م تروتسکی) لەبارەی (کورش نامە)وە بەم جۆرەی نووسیوە : (ئەم کتیبە لە میژوو ئەچێ ، نووسەرەکەی لە زەمینەیەکی سیاسی و رەوشتایەتی بە فەلسەفەی بافی نووسیویەتی ، وەکو داستان ڕێکی خستوە ، داستانێك لە بارەی ژیان و کردەوەکانی کورش ، مەفهومی (میژوو) لە سەردەمی کۆندا ئەوەندە فراوان بووە کە ئەیتوانی ئەم نووسینەش بە خۆیەوە بگرێ ، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە ئیستاش ئەم بەرهەمە بە بەشێك لە رۆمانە میژوویی و رەووشتیەکان دائەنێین نەك (میژوو) ! (کزنفون) لێرەدا بە ئەو پەڕی ئازادیەوە سود لە نووسراوە میژوویەکان وەرئە گرێ . بۆ نمونە وەکو راستیەکی میژوویی کورش بە داگیر کەری میسر ئەداتە قەڵەم بە شیوەیەکی سروشتی (٥٧) لە نیوان کوڕەکانی و دۆستانی خۆیا ئەمریت و وەکو سوقرات لەکاتی سەرەمەرگا رەوشت و ئەخلاقیان فێر ئەکات ، لە وێنەکەی کۆرشدا بیروڕای سوقرات و (ئاگسیلا) یەك ئەگرنەوە(٥٨) .

(کزنفون) خوورەووشتی قارەمانانی داستانەکەی بە بەرهەمی پەروەردە کردنێکی راست - کە لە ناخی هەمو یاسای ئاسپارتی و ئامۆژگاری رەووشتی سوقراتەوە هەڵقوڵابێ - دائەنێ . ژمارەیەکی زۆری پیاوان و قارەمانانی پلەی دووەمی کورش نامە وەکو ئاوینە رواڵەتی چاکەو خراپەی هەمە جۆرە دەر ئەخەن (٥٩) .

ئەم نووسینەی سەرەرە کورش نامە بە شیوەیەکی ئەدەبی نیشان ئەدات ، کورش نامە چەند رووداو ویکە کە سەردەمیان زۆر تێپەڕیوە ، نووسەر لە رووی چەند سەرچاوەیەکی نووسراوەوە رووداوەکانی کۆ کردۆتەوەو گونجاندوویەتی ، ناوبراو بەڵگەی بەسەرهات و رووداوەکانی رۆژهەڵاتی بە تەواوی بەدەستەوە نەبووە ، کزنفون لەناو سوپای یونانیەکانا بووە خەریکی ئیش و کاری سوپایی بووەو گەڕاوەو (جگە لە زمانی یونانی زمانیکی تری نەزانیوە) ونەیتوانیوە تێکەڵی لەگەڵ پارس و مادەکانا پەیدا بکات و شارەزاییەکی تەواو لەبارەی میژووی کۆنی ئەوانەوە بەدەست بێنێ (٦٠) . ئێمە لەبارەی ماوەی مانەوەی کزنفونەوە لەئاسیای بچوکدا زانیارییەکی تەواومان نیە وە بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە کە بڵێین لەو کاتەدا ، کە شەڕی ئیرانیەکان بەردەوام بو ئەو لەوەبەر ئەیتوانی سەرنج لەمیژوو نەرێتی پارس و مادەکان بدات .

- ماویەتی -

پاشماوەی : پوستەی خوێنەران ...

(سیروان لێشت نەدەم هەر ئەمبەیت !؟) .

● **کاك کەریم قەزاز :**

ئەگەرچی لەسەر هەردوو دیوی قاقەزەکەت نوسیوە بەڵام شیعرەکەت سەرەتاکەی ئەوەندە ناسك و جوان کەوتە بەرچاومان بەشی یەکەمی شیعرەکەتمان بڵاو کردەوە بەو مەرجەی ئەمجار هەر شتیکت بۆ ناردین لەسەر رویەکی قاقەزەکە بینوسیت .. فەرمو ئەمەش بەشێکی شیعرەکەتانە .

کچە جوانەکەی لێو بە پێکەنین
لەو کاتەی من و تۆی تێدا ئەژین
خۆشمان ئەزانین هەردوکمان ئەمرین
پیم وا باشترە لەگەڵ یەکتر بین

● **کاك خالد کریم شیخانی :**

ئەگەر شیعرەکەت ناوی دیاریکراوی تیا نەبوایە لەوانەیە هەندیکمان لێ بڵاو بکردایەتەوە ئینجا داوای لێ بوردن ئەکەین .

● **بۆ خاوەنی شیعری (گوڵەگەنم) :**

شیعرەکەتمان پێ گەیشت .. ئەگەر بڵێین دەسخەتەکەتمان بۆ نەخوێندرایەوە لەوانەیە لێمان زویر بیت .. راستە جەنابت شاعیری بەڵام ئەگەر شیعرەکانت بە خەتیکی خۆش بو بنوسیباین باشتر بوو

پاشماوەی : ڕونکردنەوەیەك لەبارەی خلیجەوە ...

هێزی دەریایی و هەوایی هینا ئەو وڵاتە . ڕێژیمی ئێران کەتائەودەم بەحەرەینی بە ئوستانی ١٤ی ئیران دەزانی ، لەبەرخاتری ئەمریکا وازی لەهەمو ئیدعایەك هینا و بەحەرەینی بەڕواڵەت سەربەخوی بەرەسمی ناسی .

هیشتا بریاری دەولەتی ئینگلیز لەمەڕ چونەدەری لەخەلیج لەقسە ، تێ نەپەڕیبوو کە هاواری پرکردنەوەی جێگای ئینگلیز لەلایەن کۆڕە کۆنەپەرستەکانی دەوروبەری خەلیج و ، دەوڵەتە ئیمپریالستیە کانەوە بەرزبۆوە . مانگی ئاوریلی ١٩٧٠ کۆنفرانسی نهێنی بالۆیزەکانی ئەمریکا لە روژهەڵاتی ناوەراست ، بەهاوبەشی ، یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکی ریکخراوی جاسوسی ئەمریکا « سیا » لەتاران بەسترا .

ڕۆژنامەی کەیهان چاپی تاران نووسیبوی کە « ریچاردسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیەکە ڕابەرایەتی ئێران لەخەلیج بۆ پاراستنی هیدی و هیمنایەتی ئەو هەرێمە گرنگیە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرێ » .

حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئەو هەرێمە بۆ پاراستنی قازانجی مۆنۆپۆلەکانی نەوتی ، بەبیانووی پێشگری لە « ئاژاوەنانەوە » لەتیکدەری و بەناوی پاراستنی هیمنایەتی خەلیج ناتوانن قازانجی نەوتی کردن و بەهێز کردنی لەشکرو کرینی چەك و قۆرخانە . بەڵام ئیمپریالستیەکان تەنیا بەچەکداربوون و چاودێری حکومەتەکانی دژی نیشتمانی دڵیان ئاوی نەخواردەوە و لایان وابوو کە دەوڵەتەکانی خەلیج ناتوانن قازانی نەوتی مونوپولەکان بەتەواوی بپاریزن ، هاتنە سەر ئەوە کەخوی لەژیر ناوی هەبوونی قازانجی ستراتژی هاوبەشدا ، هێزی نیزامی خویان بێننە خەلیج و هەر لەوکاتەشدا ریژیمە کونەپەرستەکانیش پشت ئەستور بکەن .

لە ٩ی مانگی ئوتی ١٩٧٢دا هەوالدەری تاسی سۆویتی لەواشنگتۆنەوە هەوالی دا کە « وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خەریکە هێزەنیزامیەکانی خوی لەناوچەی خەلیج پەرەپی بدا . بەوهیوایە کەوەك پێگەیەك لەدژی ولاتە عەرەبیەکان کەلك وەربگری » .

پاش چونەدەری هێزەکانی ئینگلیز لەبەحرەین ، دەوڵەتی ئەمریکا پیگەو بنیاتە نیزامیەکانی دەوڵەتی بەریتانیای لەبەحرەین بەئیجارە گرت و ئیستا خەریکە پەرەی پی بدا ..

گرینگترینی ئەو پیگەیە لە « مەنامە »و لەدورگەی « محرق »ە .

گۆواری « روژگاری نوی » چاپی موسکۆ لەژمارەی سپتامبری ١٩٧٢دا لەژێر ناوی « خەلیج لەنەخشەی ئیمپریالستیەکاندا نووسیبووی : « .. پیگەی پێشووی ئینگلستان لەبەحرەین لەو ساڵەوە ، دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەمریکا ستادی فەرماندەیی هەموو هێزە نیزامیەکان لەروژهەڵاتی ناوەراست لەو پیگەیەدا جێ گیردەبێ .

پەنتاگۆن خەریکە پیگەی هێزی هەوایی « محرق و مەنامە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خوی ... ئەمریکاییەکان لە شیخ نوشینی شارجە پیگەیەکی هەوایی نیزامیان بە ئیجارە گرتوە کەهەمو فرۆکەیەکی جێت دەتوانێ کەلکی لی وەربگری » .

بەو جۆرە دەبینین کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا جیگای ئینگلیزی گرتوەو هێزی دەریایی و هەوایی خۆی لەخلیج دامەزراندوە . بێجگە لەوەش هێزەکانی ئەمریکایی کە گومە لە دورگەی « زایشل کە بەسەر تەواوی ئوقیانوسی هیندو خەلیجدا زاڵەدامەزراون و پەیوەندن بە دیشوار ترین لەدورگەی ئەبو موسی لەگەڵ ئێران خەریکە پێگەیەکی دەریایی و هەوایی دروست کا . لە عومانیش دەگەڵ ئینگلیزەکان پێگەی « مەسیرەو سەلاڵە » پەرەپی بداو قایمی کا . بەڵام لەسەر ئەوەشەوە ، ئیمپریالیزمی ئەمریکا هێشتا نەیویستوە راستەوخو بەرەنگاری هێزە تیایا ، ئەبێت هەوڵ بدەین نەخوشی نەکەویتە ناو خانووەکان ، پێویستە پروگرامیکی تایبەتی ئامادە بکەین و دەرمانی بەربەرەکانی نەخوشی مریشك دابنین وەك دەرزی و (مصل)ی تایبەتی وە ئەبی ئاگاداری و تەگبیری تەواو بکرێت بۆ ئەوەی نەخۆشی نەگاتە ناو خانووەکانی پەروەردە کردنی مریشك .

وە پیویستە ئەم دەرمانانەی خوارەوە مان هەبێ :-

١ - حەبی سلفاتیا : سلفاتیا زول ، سلفا میزاثین ، سلفا کواندین بۆ زك چون و کوکسیدیا .

٢ - ڕۆنی ماسی .

٣ - کلیسرین ئیۆدین .

٤ - ئەنتی بایۆتیك کە بریتی یە لە مانەی خوارەوە :

أ - کلۆرۆ مایسین توز یا مەرهەم .

ب - تیرامایسین توز یا مەرهەمی (گولیراو گرانەتا) .

جـ - تیرمایسین لەگەڵ فیتامینەکان و خوێی پیویست .

د - تۆزی بەتسلین .

هـ - تایلان (بۆکاتی نەخوش رەشحی توند) .

٥ - توزی ئەکروساید (دژی (سپی و کرم) .

٦ - توزی د.د.ت. (دژی سپی و کرم) .

٧ - توزی فلورید صودیوم (بۆ قانگ دانی خانوی مریشك .

٨ - پورەمەنگەناتی پۆتاسیوم (بۆ پاك کردنەوە) .

٩ - فینوثیازین و امبرول (بۆ زك چونی خویناوی تر) .

١٠- سلفاتی نیکوتین (حەبی کرم) .

١١- لقاحی مەوسمی وەك :

أ - دژی ئاوله .

ب - دژی التهابی . قصباتی وبائی .

جـ - دژی نیوکاسل .

د - دژی کولیرا .

١٢- دەرزی دوو فلیقانە ژمارەی تەواو .

١٣- سرنج و دەرزی ژمارەیەکی تەواو .

١٤- مەرهەمی پەنسلین .

١٥- ڕۆنی زەیتون .

ئەو کوتانانەی پیویستن لە کاتی بەخیو کردنی مریشك و جۆری کوتانیان :-

١ - تەمەنی جوجەڵەی مریشك کە بو بە حەوت ڕۆژ ئەبیت بکوترێ بە (لقاحی) نیوکاسلی مریشك جا ئەو (لقاحە) یان بۆیان ئەکریتە ناو ئاو یان ئەکریتە ناو چاو لوتی جوجەلەکەوە .

٢ - جاریکی تر بە هەمان ریگەی سەرەوە مریشکە کەیان جوجەلەکە ئەکوتری بە (لقاحی) نیوکاسل بەڵام پاش ٢٨ ڕۆژ .

٣ - لەپاش ٥٦ ڕۆژی تر مریشك دژی نەخوشی نیوکاسل ئەکوتری وە لە دژی ئاولەش ئەکوتری بەهوی پیستە تەنکەکەی باڵیەوە بە هەمان جۆری سەرەوە .

تێبینی : هەندێ (مضاداتی) زیندوی ئەدریتی وەك (تیرمایسین ، بەتسلین ، تایلان) لە دوای هەر کوتانێ لەو کوتانانەی کە باسیانمان کرد .

پاشماوەی : چەند جیاوازیەکی چینایەتی ..

نمان جێ بەجێ بکەین .. بۆچی ئەبێ بەمن بڵێن :

سەبەینێ ئەرەوەو ئیشەکەی جەنابیشت بدەن بە فەڕاشەکەو بڵێن هەر ئیستە بیمە بۆ لای (... ئەفەندی) بڵێ : ئەم ئیشەمان هەر ئیستە بۆ تەواو بکات و مامۆستا لێرە دانیشتووە چاوەڕوانی ئەکات .

● ئەو قەرەباڵغە خواردەمەنی دابەش ئەکەن با بڕۆین .. هەر لە دوورەوە بە سەردەستی ئەو هەمو خەڵکەدا (کیسەیەك ، یان کاسەیەك ، یان تەبەقێك) بۆ جەنابت درێژ ئەکەن .. ئێمەش دوای تەواو بوون بە ناهومێدی ئەگەڕێینەوە .

● لە ژورێکی بەندیخانەداین و هەردووکمان یاسا ئەیەوێ تەمێمان بکات و سزای داوین .. ئەوانەی دێن بۆ چاو پێکەوتنی من پێیان ئەڵێن : لێرە نیە ، سبەینی وەرنەوە ! یان ئەگەر دڵیان پێیان بسووتێ ئەو شتەی بۆیان هێناووم لێیان وەرئەگرن و بۆم دێنن و بەوانیش ئەڵێن ئێوە ئیتر بێ .

● بەگوێرەی دوکتورینی « ویتنامی کردن » دەیەوێ حکومەتە کونەپەرستەکانی ئەم ناوچەیە بەهێزبکا . هەر لەو کاتەشدا بەهوی جاسوسەکانی سیاو بەکرێگیراوەکانی خۆ ولاتی لەریگای ئاشکراو نهێنیەوە خەریکی پیلانگیرانە .

ئەوەی لەو ناوەدا ئیمپریالیستەکان زۆری بڕوا پێدەکەن ڕیژیمی ئیرانە . دەوڵەتی ئیران بەشی زۆری داهاتی نەوت بۆ کڕینی چەك و قۆرخانەو بەهیز کردنی لەشکر دادەنێ . ئەوەی لەنەوت وەگیر دەکەوێ ، لەلایەکی دیکەوە بەهوی کڕینی چەك و تەقەمەنی شەریەوە ، دەچیتەوە گیرفانی ئیمپریالیستە تالانچیەکانەوە .

پاشماوەی : چەروەردە کردنی پەلەوەر ...

تازادیخوازەکانی ئەم ناوچەیە بێ . بەگوێرەی دوکتورینی « ویتنامی کردن » دەیەوێ حکومەتە کونەپەرستەکانی ئەم ناوچەیە بەهێزبکا . هەر لەو کاتەشدا بەهوی جاسوسەکانی سیاو بەکرێگیراوەکانی خۆ ولاتی لەریگای ئاشکراو نهێنیەوە خەریکی پیلانگیرانە .

ئەوەی لەو ناوەدا ئیمپریالیستەکان زۆری بڕوا پێدەکەن ڕیژیمی ئیرانە . دەوڵەتی ئیران بەشی زۆری داهاتی نەوت بۆ کڕینی چەك و قۆرخانەو بەهیز کردنی لەشکر دادەنێ . ئەوەی لەنەوت وەگیر دەکەوێ ، لەلایەکی دیکەوە بەهوی کڕینی چەك و تەقەمەنی شەریەوە ، دەچیتەوە گیرفانی ئیمپریالیستە تالانچیەکانەوە .

پاشماوەی : چەمەد موختار جاف ..

حوکمی ئەزەلی چونکەنیە قابلی گۆڕان بۆچی من ئەترسم لەجەژای رۆژی حسابات مایل نەبە حۆرو نە بە غولمانی بەهەشتم گەر بێت بکەم من لەگەڵ ئەو شوخە مولاقات (ئەحمەد) دڵی بێزارە لە ریش و سەرو مێزەر ساقی قەدەحێ تێکەبە ئاهەنگ و مەقامات

ئەحمەد موختار بەگ .. کاتێ دەستی کرد بە نوسین نازناوی « موختاری بۆ خۆی هەلبژارد ساڵی ١٨٩٦ی زاینی لە شاری هەلەبجە لەدایك بوەو کوڕی وەسمان پاشای جاف و .. عادلەخانم بوە هەر چەندە زۆری نەخوێند بەڵام زمانی فارسی و (ئینگلیزی) زانیوە .. لە ساڵی ١٩٢٢ی زاینی دا بوو بە قائممقامی هەلەبجەو ١٩٢٤ کرا بە نوینەر لە (ئەنجومەنی) نوینەرانی عراق دا تا ساڵی ١٩٣٥ی زاینی کە تەمەنی هەر (٣٨)ساڵی ئەبوو برینەکانی دوێنێی شیعرو هەستە پڕژۆزە روناکەکانی ئەحمەدەموختار کردبویە دڵی دوژمنانی میللەتان و ئازادی گەلی کوردەوە .. کە وتنەوە یاد .. بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم برینانە زۆر نەبن و سەر هەڵنەدەنەوە .. لە ئاوی سیروان بە گوللەی ناپاکان کوژراو ئەرمەکەی هینرایەوە بۆ هەلەبجەو .. لە عەبابەیلی لە ئەنیشت گۆری تایەر بەگی برایەوە نێژرا .. کاتیك مامۆستا عەلی باپیرئاغا یەکەمجار دیوانەکەی چاپ کرد .. خوالیخۆش بو (گۆران) ئەم شیعرەی بۆ نارد .

ئەی کاکە کەمال شاعیری خۆشخوانی هونەرمەند بولبول نیە تۆی تەیری تەرەننوم لە سەحەردا دەك خۆش بێت دەس و پەنجەو نوکی قەلەمی تۆ بۆ دادێ کەدات کاکە لەمەیدانی هونەردا

بەڵام وا ئەزانم مامۆستا عەلی باپیرئاغا بەم شیعرانە دا :

سەپریکە چاون چەرخی فەلەك دەربەدەری کرد کوژرا بە غەریبی لەکەژو کیوی (نەوەر)دا

بڕوای وایە کە (ئەحمەد موختار بەگ) لە شاخی (نەوەر) کوژرابێ نەك لەلە ئاوی سیروان دا .

پاشماوەی : ڕاپورتیك دەربارەی ..

گرتن و سزادان ئەبێ .

بەندکراو لەکاتی مەحکەمەکردنیدا مافی قسەکردنی لە دوو دەقیقە زیاتر نییە ، ئەگەر بیانەوێ رەحمی پی بکەن ئەوا ماوەکەی بۆ دەکەنە پێنج دەقیقە بەمەرجێك دان بەوتاوانانەدا بنێ کە دراونەتە پاڵی . ئەمانە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە لەخواروی فیتنامدا زیاتر لە ٢٠٢ هەزار بەندی سیاسی هەیە هەرچەندە کاربەدەستان بەسیاسیان دانانێن بەڵام زوربەیان سیاسین و بەو بیانووە گیراون و خۆ لێلادانی ئەوان نابێتە هۆی ئەوەی بەندی سیاسی نەبێت چونکە من وام بۆ دەرکەوتووە کە یان درۆ دەکەن یاخود نازانن بەندکراوی سیاسی چی یە .

پاشماوەی : فەرهەنگی ناوداران ..

ئەفلاتوونەوە تیورەکانی لەسەر بنچینەی ماتماتیك دانەدەنا چونکە هەر لەبناغەوە لەزانستی ماتماتیکدا زۆریش رەزا نەبوو یاوەرەکانی لەسەر بناغەی میتافیزیقا دائەنا بۆیە زۆرجار لەراستی دور ئەکەوتەوە . لەنووسینەکانی (ئەرستۆ) شەش ناملیکە بەجێماون لەبابەتی (بۆجیك) باس دەکەن و ناویان بە (ئۆرگانۆن)ی ئەرستۆ دەرکردوە . لە ناملیکەکانی تری ئەوفەیلەسووفە (میتافیزیقاو مێژووی جانەوەرانە) . ئەرستۆ لەساڵی ٣٢٢ی پێش زایین مردوە .

محمد توفیق وردی
کردوویە بە کوردی

پاشماوەی : چەند سەرنجێك ..

برایانەو لایەنی عاتیفی بکەین بەڵاوە ، هەرگیز ناڵێین ئەم جۆرە شیعرانە رەش بینیان تیا بەدی ناکرێ ، ئەگینا ئەوەی دوو ناملیکەشی خوێندبێتەوە ، دەزانێ کە دەستە وەستانی و گۆشەگیری شابالی رەشیان بەسەر هەندێك شیعرەکانی کاك « عومەر ئاسنگەر » دا پۆشیوە . با لەخۆڕایی یەوەحوکم بەسەر هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی دا نەدەین و لێ بوردن و چاوپۆشین بکەین بەڵاوە . با بەنیازی خزمەت کردنی کەلەپوری ئەدەبیمانەوە بێینە کۆڕی خزمەت کردنەوە ، وە بەناڕەوا لایەنگیری هیچ کەسێ ، یاخود ئاقمێ نەکەین .

پەراوێزەکان :-

● النقد الادبی - اصوله ومناهجه - سید قطب .

● مختارات من النقد الادبی المعاصر - دکتۆر رشاد رشدی .

● اصول النقد الادبی - احمد الشایب .

● النقد الذاتی بعد الهزیمة - دکتۆر صادق جلال العظم .

● رۆژی کوردستان - ژمارە (٤) .

● چەپکێك لەقسەکانی سەرۆك ماو تسیتۆنگ .

پاشماوەی : هەلبژاردە ...

هەی مەندێ مەندێ مەندێ
نێریە دەمەندێم چوارن
لەنوالان رادیارن
ئی دەکوڕە خوێندکارن
دراو لەسەر روانن
هەی مەندێ مەندێ مەندێ
نێریە دەمەندێم پێنجن
لەنوالەی دەبەر ئینجن
ئی دەکوڕە کرمانجن
دراو لەسەر پێنجن
هەی مەندێ مەندێ مەندێ
نێریە دەمەندێم شەشن
لەنوالەی دەڕەشن
ئی دەکوڕە مامەشن
دراو لەسەر شەشن
هەی مەندێ مەندێ مەندێ

kurdeidepari
institut kurde de paris

● تاکەی جل و بەرگی تازەو روخساری جوان بمان خلەتێنێ !؟

● تاکەی هەست بەوە نەکەین کە چاومان خلەتاوەو با دەروونمان لەگێژاوی ئەم خلەتاندنە رزگار کەین ..

- ئاگر بەراوردی کردوە -

● سامان پەرستی : یاوەك تر بلێین رێز گرتنی خاوەن سامانەکان بە بێ لێکدانەوەو بەراورد کردن وەکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لێ هاتووەو لە جیاتی ئەوەی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەما ئەم دیاردەیە بەرەو مردن بڕوات کەچی رۆژ بەرۆژزیاتر تەشەنە ئەکات تەنانەت لای زوربەی زۆری رۆشنبیرو پیشکەوتنخوازە کانیشمان ئەم جیاوازیە جێگای خۆی کردۆتەوە .

شرەوە دێت و داوای هەمان شتی تۆ ئەکات . وە هەر بە هەمان نرخ کە بۆ تۆ دانراوەبۆ ئەویش دائەنرێت و بەو ئەلێت : شتەکە ئەکەیتە چیەوە ؟! بۆ تۆیش (کە قاتەکەت تازەیەو بۆیمباخەکەت لە وتوو دراوە) ئەیکاتە زەرفێکی پاکەوەو بە سرێش سەرەکەی چەسپ ئەکاو ئەلێت: فەرموو مامۆستا !

● دیسان لەگەل هەمان گریکار ، یا بلێین پیاوێکی هەژارا ئەچنە لای قەصابێك و نۆرە بەرناکەوێ .. چەند کەسێك لە پێشتانەوەیە جگەلەوە کە جیاوازیەکی زۆر لە جۆری گۆشت کێشانەکەدا بە ئاشکرا دیارە ! نۆبە بڕی بۆ تۆ ئەکرێت و لە زەرفێکی پاکدا گۆشتێکی نەرمەت ئەدرێتێ و کابرای هەژاریش ئەبێ چاوەڕوانی نۆبەو ئەو پاشماوەی گۆشتە بێت کە لە جەنابت و ئێوەو مانان ماوەتەوە .. سەیرەکە ئەمەیە لێرەداقەسابەکە هیچ کامتان ناناسێت .

● ئەچیتە لای بازرگانێك هەر لەو پارچە قوماشەی کە

چەند جیاوازیەکی چینایەتی

● زۆر سەیرە دوو مرۆڤ ئەبینی هەر یەکەیان بە چاوێك ئەماشا ئەکەی و بە جۆرێك لەدەروونتا لێکی ئەدەیتەوەو ئەتەوێ بۆ هەر یەکەیان حیسابێکی تایبەتی بکەی ، بێ ئەوەی لەناو دەروونی هیچ کامیان بگەیت و یان بەراوردێکی نرخی هەریەکێکیانت کردبێ ..

لە خۆتەرە بەبێ ی رزاڵەتی دەرەوەی مرۆڤەکەو هەندێك دیاردەی دەستکردی نازەسەن واقعیەتی مرۆڤەکەت لەبەر چاو ئەنۆڕێ ..

● سەیرە کە ئەمەیە لەچەرخی چوونە سەر مانگ و مرۆڤی سوشیالیستی و ئامێری ئەلەکترونیدا نرخی مرۆڤ لە شێوەو رووالەتی دەرەوەی مرۆڤەوە دێت و سەر هەل ئەدات .!

● هەرگیز بیرت لەوەکردۆتەوە ئەچیتە سەر دوکانێك و بە دوکاندارەکە ئەلێی : فلان شتم بەدەرێ و هەر لەو کاتەدا کرێکارێکی هەژاریش بە جل و بەرگێکی

هەردووکتان لێی ئەکرن (لەوانەیە بۆ جەنابت نەختێك هەرزانتر بێ) ! بەلام چەندجارێك بە تۆ ئەلێ :

فەرموو دانیشەو نەختێك زیادەشت بۆ ئەپێوێ و چایەکیشت بۆ بانگ ئەکات و کرێکارەکەش ئەبێ بەپێوە رابووەستێ .

● ئەوا ئەچیتە چێشتخانەیەك لەگەل کرێکارێك یان هەژارێکی کێوڵدا هەریەکەتان لەسەر مێزێکی نان خواردن دائەنیشن و خواردەمەنیش نرخی بڕاوە چەندەیە .. سەیر ئەکەی شاگردەکانی چێشتخانەکە بێ ئەوەی بت ناسن یان کەسێك پێیان بڵێ بە دووچاوی پیچەوانەی یەکترەوە سەیرتان ئەکەن .. چەند جارێك بەدەستەسرەکەیان مێزەکەی جەنابت ئەسڕن و سەوزەو ترشی و ئاوی ساردو تەرتیباتە خۆڕاییەکانت بۆ ریز ئەکەن و کابرای کرێکاریش یان هەژار بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەنەوە !چەند جارێك داوای پیاز یان ئاو یان ... ئەکات تاکو بۆی دێنن .

● ئەچیتە لای بەرگدروو- یەك تەماشا ئەکەی کابرای کرێکار بە پێوە راوەستاوەو پارچە قوماشێکی هێناوە بۆی بدرون . کە جەنابت دەر ئەکەوی بەرگدرووەکە بە کرێکارەکە ئەلێ :

نەختێك خۆت لادە با مامۆستا دانیشێ و دەمودەس جگەرەیەکیشت ئەداتێ .. و ئینجا بە کرێکارەکە ئەلێ : بەسەری تۆ نام پەرژێ ئیشم زۆرە ...

● باپێکەوە بچینە گەراج و سواری ئۆتومبیلێك بین ، هەر لە دوورەوە کابرای دەلال بانگ ئەکا پێشەکەی بۆ مامۆستاو منیش لەگەل فەردە شەکرو ئاژەل و سەبەتە سەوزەدا نە پشتەوە دائەنێین .

● هەردوکمان منالەکانمان نەخۆشەو ئەیبەین بۆ نەخۆشخانە دکتوری (خەفەر) هەر لە دوورەوە بەدەم بە من ئەلێ :

کوڕەکەت چیەتی ؟ چی خواردوە ؟ بەدەستیش ئاوی دەرمانیکم بۆ ئەنووسێ .. بێ ئەوەی تێ بگا من چۆن باسی نەخۆشی کوڕەکەم ئەکەم ..

بە جەنابیشت ئەلێ فەرمو دانیشەو فەحسێکی وردی کوڕەکەت ئەکاتو ئەلێ : ئەگەر بەم دەرمانانە چاك نەبووەوە سبەینی بێ هێنەوە بۆ لام .

● ئەوا پێکەوە ئەچینە ئەم دایەرەیەو ئەمانەوێ ئیشەکا-

بڕوانە : ل -٧-

گوڵزاری شیعر

سەوزەی خاتر پاك یاران هام فەرد
فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد
ئاخۆ سەوزەی من جەکام هەردێ بۆ
وە فەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ ؟

- مەولەوی -

لەسەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا وەك پیاوە زرنگ و زاناکانی ترمان بەدرێژایی ژیانی خزمەتی زمانی عەرەبی و کوردی کردوە ، وە گەلێك نووسینی میژوویی و ئەدەبی و هەڵبەستی ئاینی نایابی بەکوردی و عەرەبی لەپاش بەجێماوە . نووسینە گرانبەهاکانی لەتاقی نامەخانەی حوجرەی مزگەوتەکانا بێ نازکەوتوون و ساڵەهای ساڵە تۆزو خۆڵی حوجرەیان لەسەر

زانایەکی نەتەوەی کورد : مەلا عەبدولای بێتوشی

ئەنیشێت ..

پارچە شیعرێکی ئاینی کە بەدەسخەتی خۆی و بەعەرەبی نووسیویە لە نامەخانەیەکی کوردستاندا ماوەتەوە !

بێتیووشی سەردەمێك لە (بەسرە)دا بووەو لەگەل هەندێك لەزانا ئاینیەکانی (کوێت)دا ئاشنایەتی پەیداکردوە .. زانا کوێتیەکان زۆر رێزیان لێ ئەگرت و لەکۆڕو کۆمەڵو مەجلیسە شەونشینەکانیانا شیعرە عەرەبیەکانی بێتوشیان ئەخوێندەوە .

لەساڵی ١٩٥٧دا چەند پارچە نووسینێکی خۆی ئامادەکرد کە بەناوی (نظم الزواجین)ەوە چاپی بکات .

- کاکە زیاد قادر لادێیی -

گراهام گرین - ی چیرۆك نووس

گراهام گرین لە دووەمی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٠٤دا لە وڵاتی (بیرکها مستد) لە دایك بووە . ئینجا لە قوتابخانەی (بەلدە) لە لای باوکی خوێندوویەتی . زۆر هەوەسی لە سەر خوێندنو فێر بوون بووە ، زۆر حەزی ئەکرد کە لە دوای قوتابخانە بچێت بۆ سەردانی کێنگەکان ، دوای تەو کردنی خوێندنی دوا ناوەندی چووە بۆ زانستگای (نۆکسفورد) بۆ خوێندنی میژووی نوێ. لێرەدا سەرەتای نووسینی بە گەشاوەیی دەستی پێ کرد ، تاکو هەلبژێردرا بە سەرەك نووسەری گۆڤاری (قوتابیانی دانشگا) هەروەها نامیلکەیەکی لە هۆنراوەکانی چاپ کردو بلاوی کردەوە . دوای دەرچونی کۆیژرایەوە بۆ گەلێ کاری ترو گەلێ ئیشو کاری رۆشنبیری پێ سپێردرا.. دوای ئەم ئیشانەی دیسانەوە گەڕایەوە سەر ئیشوکاری رۆژنامەگەری و کرا بە سەرەك نووسەری رۆژنامەی (توتنگهام) وە لە ماوەی ژیانی وازی لە ئاینی (پروتستانتین) هێناو چووە سەر ئاینی (کاتۆلیکیا) ئینجا بووە سەرەك نووسەری رۆژنامەی (تایمس) . وە لە پێناوی بە پەسند زانینی چیرۆکی (ئەو پیاوەی کە لە زوورەوەیە) لە ساڵی ١٩٢٩ دا وازی لە رۆژنامەگەری هێنا و دەستی کرد بە نووسین . وە لە ماوەی دووەمین شەڕی جیهانیدا دیسانەوە گەڕایەوە سەر ئیشو کاری رۆژنامەگەریو بوو بە سەرەك نووسەری گۆڤاری (سبکیتور) دوایی بوو بە فەرمانبەر لە وەزارەتی راگەیاندن .. دوبارە گەڕایەوە سەر گۆڤارەکە . گراهام گرین دیاردەیەکی هەرە بەرزی راگەیاندنی نووسینی ئەمڕۆی ئەدەبی رۆژئاوایە . گراهام زۆر حەزی لە گەشتو گوزار بوو .

بە ناو زوربەی کیشوەرەکانی دنیادا گەڕاوە ، لە ساڵی ١٩٣٥دا چوە بۆ لیبریا ، لە بارەی ئەم گەشتەیەوە نامیلکەیەکی رازاوەی نووسیوەتەوە ، بە ناونیشانی (گەشتێکی بێ نەخشە) ، پاش ئەوە سەری لە وڵاتی مەکسیك داوە ، لەو کاتەدا نامیلکەیەکی بە ناوی (ئەو دەرگایانەی بێ یاسان) داناوە . ساڵی ١٩٤٠ کە خەڵاتی (هوزورندن)ی وەرگرت لە هەمو جیهانا دەنگی دایەوە . ساڵی ١٩٤١ گەشتێکی تری بۆ (سیرالیون) کرد وە دوو ساڵ لەوێ مایەوە ، لەوێ چیرۆکی (پیاوی سێیەم)

ی نووسی . ئینجا چوو بۆ (مەلایۆ ، ڤیتنام ، چین ، ئەندونیسیا) .. دوای ئەم گەشتانەی کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای بلاوکراوەی (بێدلی) . گراهام کچێك و کوڕێکی پەروەردە کرد ، براکەشی کە ناوی (کارلیتۆن) بوو بەرێوەبەری گشتی ئیستگەی بەریتانیایە ، لە سەرایای نووسینەکانیا شێوەیەکی تایبەتی بەکار هێناوە ، ئەو شێوەیەش رەخنەگرانی رۆژئاوا پێی ئەلێن (دنیای گرین) بەناوبانگترین چیروکی ئەم نووسەرە چیرۆکی (بەردی برابسون) و (نان و هەوێنە) .

ئازاد عەبدولواحید حەوێزی

گۆشەی ئافرەت

● لەناو کوردەواریدا لە گەلێك ناوچەدا وەکو باوی لێ هاتووە کە ئافرەتی گەنجو منال کار ئەدەن بەشوو بە پیاوی کامل و بەساڵا چوو ، ئەمە یەکێکە لەو دەردە کوشندە ناهەمواراە کۆمەڵایەتیانەی کە ئافرەت بە هەمو توانایەوە خەبات لەپێناوی نەمانیا ئەکات .



● نەخۆشیو کەم خۆراکی کار ئەکاتە سەر جۆری پەروەردە کردنی منال و زۆر دوای ئەخات و زمان گرتنیشی دوا ئەکەوێت ، هەروەها گەلێك منال بە هۆی نەخۆشیو کەم خۆراکیەوە تووشی گوێ گران بوون ئەبێت . بەم هۆیەوە منال ناتوانی بە ئاسایی گوێ لەو وشانە بگرێ کە لە دەورو بەریدا ئەکرێو بیان لێتەوەو دووبارەیان بکاتەوەو فێریان بێت .

● تا ئەم رۆژگارەی دوایی هونەری پەیکەر تاشین وەکو

کالا بە بالای پیاواندا بڕابوو.. لەم دواییەدا ئافرەتێکی خەلکی ئەلمانیای دیموکرات ماوەی سێ (٣) ساڵ لە پەیمانگایەکی هونەری پەیکەر تاشین دا بوونی ئافرەتو سەلیقەی هونەری ئافرەت ئەسەلمێنێو

گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بۆڕبۆڕینی پەیکەرتاشی لەگەل پیاوە هونەرمەندەکانا بکات .

● سەرژماری گشتی ئەوەی دەر خستووە کە تەمەنی ١٨-٣٠ ساڵی باشترین قۆناغە بۆ شوو کردنو ژن هێنان ، چونکە منالەکانیان بە لەشو

لارێکی رێك و پێکەوە ئەبن .. شارەزایان وتوویانە لە (مەنگولیا) منالان بە نیسبەتی ١٥٪ سروشتی نین چونکە لە تەمەنی گەورەییدا وآتا لە دوای (٣٠)سی ساڵیەوە زۆربەیان ژن ئەخوازن یان شوو ئەکەن.

● سەرپەرشتی کردنی منال و جۆری پەروەردە کردنی بەندە بە سەر هەڵدانی دوارۆژی منالەکەوە.. پێویستە هەر لە سەرەتای فام کردنەوەی منالدا شتی تازە داهاتوو وێنەو نیگاری جوان نیشانی منال بدرێ و بۆ ئەوەی بیان ناسێ و بیر لە هەموو شتیك بکاتەوە. ئەگەر منالەکەت بە شتیکی بەسوودەوە خەریك بکەی لەوە باشترە خۆی خۆی بەشتی هیچو پووچەوە خەریك بکات و نازاری بکات .

● لە وڵاتی چین لە کاتی ژن هێناندا لەبەردەم زەماوەن گەرەکان دەوریەکی فەخفوری لە بەردەم زاوادا ئەشکێنن ، دەست ئەکات بە کۆ کردنەوەی پارچەکانی لەو ماوەیەدا کە

بۆی دیاری ئەکەن ، ئەگەر لەو ماوەیەدا هەموو پارچەکانی کۆکردەوە ئەوا سێ شەو سێ رۆژ زەماوەنەکە دریژە ئەکێشێ و لە شەوی سێیەمدا بووك و زاوا بەیەك ئەکەن .. سەیر تر ئەوەیە ئەو بووکە

تا کچێکی نەبێت و کچەکەشی شوو نەکات ناتوانێت ببێت بە خاوەنی ماڵەکەی وە هەمو ئیشو کاروبارێکی ماڵەکەی لەو ماوەیەدا بەدەستی خەسوویەوە ئەبێ .

شیرین ئامادەی کردوە

ئەم دارە تەمەنی هەزار ساڵە

ئەم دارە لە دارستانێکی کوماری ئوزبکستانی یەکیەتی سوڤیەتی دایە دارسنەوبەرەو تەمەنی هەزار ساڵە وە ئەمە گەورترین دارو بە تەمەن ترین داری ناوەراستی ئاسیایە .

بۆبزەی لێو

پیاوێك کورێکی ئەبێو ئەچێتە لای دارتاشێك بیشکەیەکی بۆ دروست بکات .. نیو دیناری ئەداتێ .. دارتاشەکەش هەر ئەمڕۆ سبەینێی بێ ئەکات تا کابرا ناچار نەبێ بیشکەیەکی تر لە بازاڕدا ئەکرێ .. ساڵ دێت و دەڕوات ، کوڕەکە گەورە ئەبێو ژن دێنیو منالێکیان ئەبێ ، ئەچیتە لای داراتاشەکەو پێی ئەڵی :

- خوالێ خۆشبوی باوکم کە من لە دایك بووم پارەی بیشکەیەکێ پێدایت بۆ خۆم فریا نەکەوت ، ئەگەر زەحمەت نەبێ - خوا خزمەتکارێکی ئەوەی داوە - بەتکو بیشکەکەم بۆ دروست بکەی !

دارتاشەکەئەڵی :

- بۆت دروست ئەکەم ئەگەر وەکو بابت پەلە پەلم لێ نەکەیت !!

سەیوان

بۆتان ئەگێڕمەوە !

پورم گێڕایەوە وتی :

جاران کە ئیشیکمان لێ ئەئاڵۆزا داوامان لە (حەوتەوانان) ئەکرد بێت بەدەنگمانەوەو باری گرانمان ئاسان کات .. ئیستە بەناشوکری ناڵیم حەوتەوانانیش بەدەنگمانەوە نایەت .. وەکو خۆمان ئەمانەوێ - هۆمەر قسەکەی پێ بڕی .

- ئینجا چار چیە ؟

- خوا لە سوڵتان مەحمود گەورە ترە !!

هەواڵێکی توڕە

حکومەتی سایگۆنە .. بە هەزاران هاونیشتمانی پیرو لاوو ژن و منداڵ لەبەندیخانەکانی سایگۆندا بە تەلی دڕکاوی پەرژین کراوونو بە زەبری لێدانو قامچیو ئەشکەنجە ئەیانەوێ هاونیشتمانیەکان بتۆقینو مل بە تاوانی دەس هەڵبەسدا بکەن .. ئەمەیەروالەتی تاوانباری حکومەتە کۆنەپەرستەکانی دەست نێژی ئیمپریالیزمو نۆکەرە سەرسەختەکانی سەرمایەدری .

حکومەتە دەستنێژەکانی ئیمپریالیزم لەبەر تەوژمی خەباتی گەلان ناچارئەبن پشت بەتاریکایی ناوزیندانو ئاگرو ئاسن و تەلی دڕکاوی و سیاسەتی هەرزەکارانە ببەستن .

وێنەیەك لە کوردستانەوە

خوێندەواری کلیلی دەرگای ژیانێکی تازەو بەردی بنچینەی شارستانیەتی نوێیە .. منالانی کوردیش وەکو منالانی هەموو نەتەوە پیشکەوتووەکانی جیهان بیر لە دیاری کردنی دوارۆژو دامەزراندنی ژیانێکی بەختیاری ئەکەنەوە.. ئەیانەوی فراوانی ئاسۆی زانیاری یان شان بەشانی خەباتی چینایەتیو تێکوشانی قۆناغی ئەمڕۆیان بەرەو پێش مل بنێ ..

لەم وێنەیەدا دوو منالی خنجیلانەی کورد پەروەردەی ژێر سێبەری دەسرازەی ئاڵی یادگاری باب و باپیرەمان ئەیانەوێ لەسەرەتای ناسینی. پیتە کوردیەکانەوە دەس پێ بکەنو لە دوارۆژدا خزمەتی گەلو نیشتمانەکەیانی پێ بکەن .

institut kurde de paris